# کەڵک

شانۆنامە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

**ئاوگۆست ستریندبێری**

# کەڵک

وەرگێڕانی لە سویدییەوە:

**خەبات عارف**



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: کەڵک – شانۆنامە
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: خەبات عارف
نووسینی: ئاوگۆست ستریندبێری
پێشەکی: دانا ڕەئووف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٦٢٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٨٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# کەڵک و سمبوڵەکانی وەچە و تراژیدیای خێزان

دانا ڕەئووف

لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا، کۆمەڵێ لە شانۆنامەکانی ستریندبێری، یەک لەدوای یەک لە ستۆکهۆڵم نەمایش دەکرێن: خاوەن قەرزەکان، تاوان و تاوان، گۆستاڤ ڤاسا و خاتوو ژۆلیا. لەناو ئەو نەمایشانەدا، شانۆنامەی خاتوو ژۆلیا لە هەموو نەمایشەکانی تر زیاتر سەرکەوتنێکی هونەری بەدەست دەهێنێ. بینەران زۆر بە پەرۆشەوە بەرەو پیری شانۆنامەکان دەچن و ڕۆژنامەکانیش زۆر بە گەرمییەوە نەمایشەکە هەڵدەسەنگێنن.

نەمایشکردنی خاتوو ژۆلیا بۆ ستریندبێری لە هەموو شانۆنامەکانی تری زیاتر جێگای بایەخ و گرنگیپێدان دەبێت. بەتایبەتی ئەوە یەکەم نەمایش و سەرکەوتنی خاتوو ژۆلیا دەبێت، خاتوو ژۆلیا لەساڵی ١٨٨٨ دا نووسراوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٠٦ دا نەمایش دەکرێت. خاتوو ژۆلیا بۆ چەندین ساڵ و بە هەموو شێوەیەک و لەسەر هەموو شانۆکان قەدەغە دەکرێت. هەرچەندە خاتوو ژۆلیا یەکەم شانۆنامەیە کە سەرکەوتنە نێونەتەوەیییەکان بۆ ستریندبێری بەدەست دەهێنێ: بۆ یەکەم جار لە پاریس و لەسەر شانۆی سەربەست لەلایەن ئەندریە ئەنتوانەوە پێشکەش دەکرێت، هەروەها لە بەرلین و لەسەر شانۆی ژووری ماکس ڕاینهارت، بە سەرکەوتنێکی گەورە پێشکەش دەکرێت.



بەڵام ئەو سەرکەوتنانەی خاتوو ژۆلیا لە پاریس، بەرلین و کۆپنهاگن هیچ لە بیروبۆچوونی سوێدییەکان ناگۆڕێت و بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ سانسۆر هەموو جۆرە هەوڵێکی پێشکەشکردنی خاتوو ژۆلیا قەدەخە دەکات.

نەمایشەکەی خاتوو ژۆلیا لە سەرەتادا لە زوربەی شار و شارۆچکەکانی سوێد نەمایش دەکرێت و دوا وێستگەی ئەو سەرکەوتن و گەشتە هونەرییە لە ١٣ ی دیسەمبەری ١٩٠٦ دا لە ستۆکهۆڵم کۆتایی دێت. ئەو نەمایشە سەرکەوتووە لە نواندن و ڕێژی هونەرمەندێکی نەناسراو و لاوی ئەو کاتە (ئاگۆست فاڵک) دەبێت.

ئەو نەمایشە و ئاگۆست فاڵک خەونە دێرینەکەی ستریندبێری سەبارەت بە دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بەخۆی زیندوو دەکاتەوە. ستریندبێری دەکەوێتە نەخشەدانان، پەیوەندی دەکات بەو ڕێژیسۆرە گەنجەوە و هەر لە سەرەتاشەوە بڕیار دەدات کە ئەو هونەرمەندە بکاتە بەرپرسیار و بەڕێوەبەری هونەری و ئیداری ئەو شانۆیە. شانۆکەشیان جۆرە شانۆیەکی ژوورئاسا، ڕاینهارتێکی سوێدی دەبێت لە ستۆکهۆڵم و بەناوی شانۆی ئینتیم ناوزەدی دەکەن. ستریندبێری و لەماوەیەکی کورتدا کۆمەڵێ شانۆنامەی تایبەتمەند بەناوی شانۆی ژوورەوە ــبۆ ئەو شانۆیە دەنووسێت. (بڕوانە پێشەکی ژمارە پێنجی ئەم زنجیرەیە، شانۆنامەی سۆناتای تارمایی و شانۆنامەکانی ــگەمەی ژوور). ئەمڕۆ سەد ساڵ بەسەر دامەزراندنی شانۆی ئینتیم و شانۆنامەکانی گەمەی ژووردا تێپەڕیوە، شانۆی ئینتیمیش لەو ڕۆژەدا وەک یەکێک لە شانۆ مۆدێرنەکانی سوێد ئاماژەی بۆ کراوە. لەکاتی کردنەوەی شانۆکەشدا، ئەندامانی ئەو گروپە نوێیە لە سیانزە ئەکتەر پێکهاتووە.

ئەو شانۆیە بە شێوازێک کاری کردووە کە زۆر نوێ بووە بۆ ئەو کاتەی بزووتنەوەی شانۆیی لە سوێد، هەر لەم ڕووەوە ئەم شانۆیە و لە سەرەتادا بە شانۆی تەقەلا، شانۆیەکی سەربەست، شانۆی ئەفنتاگەر، شانۆیەکی کراوە و شانۆی ئەزموونگەری ئاماژەی بۆ کراوە، تا لەدواییدا بەشانۆی ئینتیم، واتە شانۆیەکی نزیک لە بینەرانەوە ناوزەد دەکرێت.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە، ستریندبێری و ئاگۆست فالک زۆر بە وردی و لە نزیکەوە ئاگاداری گۆڕانکارییەکان و بەرەو پێشەوەچوونی بزووتنەوەی شانۆی ئەورووپی بوون، ئەمەش زیاتر هانی داون بۆ کردنەوەی شانۆکەیان و هەوڵی تێپەڕاندن و خوڵقاندنی شێوازی نوێیان داوە.

## کەڵک و سەرەتاکانی شانۆی ئینتیم

ستریندبێری کە شانۆی ئینتیم بەهاریکاری ئاگۆست فالک لە ستۆکهۆڵم دادەمەزرێنێ، دید و بیرۆکەیەکی تایبەتمەندی لەپشت دامەزراندنی ئەو شانۆیەوە دەبێت. پرۆژەیەکی هونەری گشتگر و قووڵ مەوداکانی ئەو شانۆیە پێکدەهێنن، بۆ ئەو مەبەستەش لە ماوەیەکی کورتدا کۆمەڵێ شانۆنامە بەناوی گەمەی ژوورەوە بۆ ئەو شانۆ نوێیە دەنووسێ. شانۆنامەکانی گەمەی ژوور کە بریتین لە شانۆنامەکانی: باوبۆران، زەوی سووتاو، سۆناتای تارمایی و کەڵک یان (سەقاقوش)، لەنێوان مانگی یونی تا مانگی یانیوەری ساڵی ١٩٠٧ دا، نووسراون.

چالاکییەکانی شانۆی ئینتیم بۆ یەکەمجار لە ٢٦ ی نۆڤەمبەری ١٩٠٧ دا، وەک دەیەمین شانۆی ستۆکهۆڵم بە شانۆنامەی کەڵک دەست پێ دەکات. نەمایشە شانۆییەکە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست



ناهێنێ، ڕەخنەگرەکان زۆر بەتوندی هێرش دەکەنە سەر شانۆنامەکە و نەمایشەکەش، ئەمەش دەبێتە هۆی قەیرانێکی مادیی و مانەوی بۆ ئەندامانی ئەو گروپە تازەیە و هەر دوای سیانزە جار، شانۆنامەکە لەبەر نەبوونی بینەران ڕادەگیرێ.

بەپێی ئەو ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوانەی ئەمڕۆ لەبەر دەستدان، سەرنەکەوتنی یەکەم نەمایشی کەڵک دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنی ڕێژیسۆر و کەم ئەزموونیی ئەکتەرەکان. هەروەها هەندێ لە لێکۆڵەرەوانی شانۆی ئینتیم و ستریندبێری ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە نەمایشەکە لە پلانێکی ڕیالیزمییانەی بەرتەسکدا کورت کراوەتەوە و بەهیچ شێوەیەک توخم و مەودا گوزارشتئامێزە دەوڵەمەندەکانی شانۆنامەکە نەدۆزراونەتەوە.

شانۆنامەی کەڵک بەنێو مەرزەکانی ناتورالیزم و شانۆیەکی گوزارشتئامێزدا گوزەر دەکات. ئەم دوو تەوژمە تێکەڵاو دەکات و دەروازەیەکی جیاواز و مۆدێرن بەڕووی شانۆی سوێدی و شانۆی جیهانیدا دەکاتەوە. ستریندبێری ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە کەڵک دەکرێت وەک شانۆنامەیەکی درێژی یەک پەردەیی، یان شانۆنامەیەکی سێ بەشیی کورت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لەم سێ بەشەدا هەموو ڕووداوەکان لە هەمان ژووردا ڕوو دەدەن، بەمەش هەستێکی داخراو و بەندیخانەئاسا دەخوڵقێنێ.

یەکەم سەرکەوتنەکانی شانۆنامەی کەڵک وەک نەمایشێکی شانۆیی دەگەڕێتەوە بۆ شانۆی ژووری ئەڵمانی. لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا، تەوژمی شانۆی گوزارشتئامێز لەبرەودا دەبێت، ئەم تەوژمە زیاتر لە ئەڵمانیای دوای جەنگ سەرهەڵئەدات و کاریگەریشیان

بەسەر بزووتنەوەی شانۆی ئەوروپییەوە ڕاستەوخۆ دەبێت.

ماکس ڕاینهارت کە یەکێک دەبێت لە ڕیژیسۆرە هەرە بلیمەت و ناودارەکانی ئەو ڕۆژگارە، لە ساڵی ١٩١٤ دا کەڵک لە بەرلین و لە شانۆی ژوور پێشکەش دەکات. ماکس ڕاینهارت بە شێوازێکی گوزارشتئامێزی کاریگەر، جیهانە خەونەئامێز و تەکنیکە ترسناکە ڕەشەکەی ناوەوەی پیەسەکە دەدۆزێتەوە. ئەکتەرەکانی لەو گەمە ترسناکەدا مۆرکێکی ڕەسەنی هونەری نواندنیان بەرجەستە کردووە. ئەم نەمایشە دواتر و لە ساڵی ١٩٢٠ دا بە سەردانێکی هونەری دێتە سوێد و لە شاری یۆتۆبۆری و ستۆکهۆڵم پێشکەش دەکرێت. نەمایشەکە دەبێتە جێگای ستایش و سەرسوڕمانی شانۆکاران، ڕەخنەگران و بینەران. ئەو ڕاپۆرت و وتارانەی کە دوای نەمایشەکە نووسراون، ڕاشکاوانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەڵمانییەکان زیاتر لە ئێمە، باشتر لە ئێمە دەتوانن ستریندبێری بخوێننەوە. بەکورتی نەمایشەکە دەبێتە وانەیەکی هونەری بۆ ئەو کاتەی ڕەوتی شانۆی سوێدی.

## کەڵک شانۆنامەیەکی ڕەشی دژ بە ئافرەت

ستریندبێری بەوە ناسراوە کە هەمیشە دژی ئافرەت کاری کردووە، بەڵام نەیتوانیوە بەبێ ئافرەت بژی. سێ جار ژنی هێناوە و هەر سێ جارەکەش تووشی نووشوستی بووە، خۆی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە تەنها بە تیۆریی دژی ژنە.

زوربەی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ستریندبێری شانۆنامەی کەڵک بە یەکێک لە ڕەشترین و توندوتیژترین بەرهەمەکانی ستریندبێری دادەنێن کە دژی ژن نووسرابێت. کارەکتەری دایک ڕۆڵی



سەرەکی هەیە و بەرپرسیارە لە هەموو ڕووداو و تاوانەکانی شانۆنامەی کەڵک، کەڵکیش وەک ناونیشان مانایەکی مەجازی لەخۆدەگرێت.

کەڵک هاوکێشەیەکی گاڵتەئامێز و ئاراستەیەکی پێچەوانە و سمبولیزم دەبەخشێتە کارەکتەری دایک. کەڵک باڵندەیەکە کە بەچکەکانی بە خوێنی خۆی پەروەردە دەکات، گەر خواردنی دەست نەکەوێت، ئەوا خوێنی خۆیانیان ئەداتێ. بێگومان ئەمەش بۆچوونێکی زۆر جیاوازی کارەکتەری دایکە لە شانۆنامەی کەڵک دا .

## کەڵک باسی چی دەکات

چیرۆکی کەڵک یەکێکە لە دژوارترین کارەسات و پەیوەندییەکانی ئەندامەکانی خێزانێک. کە شانۆنامەکە دەست پێدەکات باوکی ئەو خێزانە مردووە، دایک کوڕ و کچێکی هەیە کە هەمیشە برسییانە و لە سەرمادا هەڵدەلەرزن. هەروەها دایک پەیوەندییەکی نزیک و پڕ لە نهێنیی لەگەڵ زاواکەی کۆیان دەکاتەوە. ئەم دایکە لەڕێگای نامەیەکی باوکە مردووەکەوە تاوانبار دەکرێت بە دز، خۆپەرست و بەرپرسیاری یەکەمی مەرگی خۆیشی، واتە مەرگی (باوک).

شانۆنامەکە بە دیالۆژێکی نێوان دایک و مارگرێتی کارەکەر دەست پێدەکات، هەر لە سەرەتاوە، لەم دیالۆژەدا هەموو هێڵە گشتی و گرفتە گرنگەکانی شانۆنامەکە ئاشکرا دەبێت. هەر لەم دیمەنە کورتەشدا بۆمان دەردەکەوێت کە مێردی دایک، واتە باوکی کوڕ و کچەکە، تازەکیی بە خاک سپێردراوە. بۆنی مەرگ لە ماڵەکە دێت و هەست بە نائارامیی و ئایندەیەکی نادیار چاوەڕوانی ئەم خێزانە دەکات. هەر لەم دیمەنە کورتەدا و لەڕێگای مارگرێتەوە پەردە لە ڕووی خۆویستیی،

بەرچاوتەنگیی و پیسکەیی دایک هەڵدەماڵدرێت. دایک خۆیشی پەردە لەڕووی خەونە ئیرۆتیکییەکانی لەگەڵ زاواکەیان هەڵدەماڵێت.

*دایک:*

*.... بیریشت نەچێت کە زاواکەی من لە هیچ زاوایەکی تر ناچێت و جیاوازە....*

*مارگرێت:*

*بەڕاست؟*

*دایک:*

*ئا.... وایە! چونکە ئەو وەک خەسوویەک هەڵسوکەوت لەگەڵ مندا ناکات.... بەڵکو ئەگەر نەڵێین دۆستێک، بە چاوی خوشکێک سەیرم ئەکات....*

*(سەروسیمای مارگرێت ئەگۆڕێت.)*

*دایک:*

*تێت ئەگەم، سەروسیمات چاک ئەخوێنمەوە.... پێشت سەیر نەبێت کە زاواکەمم خۆش ئەوێت، ئەویش ڕێز لەو خۆشەویستییە ئەگرێت و بەلایەوە گرنگە.... مێردەکەم ئەوی خۆش نەئەویست، چونکە ئەگەر نەڵێم ئیرەیی پێ ئەبرد، دڵیشی لێ پیس کردبوو.... بەوەیش، ڕێزێکی زۆری بۆ من پەیدا کردبوو، هەرچەندە من ئەوەندە گەنجیش نیم، کە شایانی دڵپیسکردن بم.... هیچت وت؟*

شانۆنامەی "کەڵک"

ئەم دەروازە و دەستپێکەی شانۆنامەکە، دواتر لە کۆمەڵێ دیمەنی



تردا، بە قووڵی هەموو نهێنییەکان ئاشکرا دەکەن و کارەکتەرەکان یەک لەدوای یەک پلان، خەون، ئارەزوو و نهێنییەکانیان بۆ بینەران و بە شێوازێکی سوریالی، ڕیالیزمییانە و خەونەئامێز دەخەنە ڕوو.

سەرەتای بەشی دووەمی شانۆنامەکە بە دیمەنێکی نێوان خوشک و برا (فرێدریک و یاردا) دەست پێدەکات، دیمەنەکە دەستپێکی نوێی پەیوەندییەکانی ئەم خوشک و برایەن. هەر لە سەرەتاوە لەوە دەگەین کە ئەم خوشک و برایە لەوەوبەر بەم شێوەیە پێکەوە نەدواون، یان بەم شێوەیە لەیەکتر نزیک نەبوونەتەوە، فرێدریک لەگەڵ باوکی و یارداش لەگەڵ دایکی لە دوو بەرەی جیاوازدا بوون.

هەستی تەنیایی یاردا، خەمۆکی و دڵەڕاوکێی فرێدریک ئەم دوو ئەندامی خێزانە، لە ئاستێکی ناهەمواری ژیانی کۆمەڵایەتی و خودێتی ئەم دوو کەسایەتییەدا کۆدەکاتەوە. دەیانەوێت بۆ تاوێک داڵدەی یەکتری بدەن و لە نهێنییەکانی ڕەفتار و ئاکاری دایکیان بگەن. لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە فرێدریک دەیەوێت یاردای خوشکی بەئاگا بهێنێتەوە.

*یاردا:*

*..... دانیشە، با کەمێک قسە بکەین.... هەست بە تەنیایی ئەکەم...*

*کوڕ:*

*(دائەنیشێت) ڕاست ئەکەیت، منیش پێم وایە کە لەمەوبەر بۆمان نەلواوە...... پێکەوە قسە بکەین.... هەمیشە هەر لەیەکدابڕاوبووین و هەستمان بە سۆزی یەکتر نەکردووە.*

شانۆنامەی " کەڵک '

فـرێدریک لەســەرەتادا ئەوە بـۆ خـوشکەکـەی ئاشکرا دەکـات کـە مـێـردەکـەی درۆی لەگـەڵدا کـردووە، نەچووە بۆ کـۆبوونەوە، بەڵکو لە شـەوی بووکێنییـەکـەیاندا، بە تەنها چووە بۆ یانەی خواردنەوە و کات بەسەربردن، نەک بۆ کار و کۆبوونەوە، وەک ئەو بە یاردای ژنی ووتووە. هەر لەم دیمەنەدا فرێدریک فریای ئەوە دەکەوێت هەندێ لە ڕاستییە تاڵەکانی ڕەفتار و هەڵوێستی دایکیشی بگێڕێتەوە.

کوڕ:

*ئا، تۆیش ئەزانیت دایکم زۆر حەزی لەخۆتێهەڵقورتاندنە و لەبەکارهێنانی تەلەفۆنیشدا ئەوەندە کارامەیە کەس لینگەی نییە...*

یاردا:

*چیی! ناشێت خۆی لە کاروباری ئێمەیش هەڵقورتاندبێت.... بێ ئەوەی پێ بزانین!*

کوڕ:

*بۆ لە خۆتێهەڵقورتاندن زیاتر شتێکی تری کردووە.... هیچ دووریش نییە، ئێستا لە پەنای یەکێک لە دەرگاکاندا خۆی مەڵاس دابێت و گوێی بۆ ئەم گفتوگۆیەمان ڕاگرتبێت...*

شانۆنامەی " کەڵک "

کارەکتەری دایک هەمیشە ویستوویەتی نیازی دڵی منداڵەکانی بزانێ، یاردا بەلای خۆیدا ڕاکێشێ و دژی باوکی هانی بدات، ئەم کارانەی بە ئامۆژگاری، ڕێنمایی و قسەکردن لەگەڵ منداڵەکانیدا نەکردووە، بەڵکو پەنای بردۆتە بەر خۆتێهەڵقورتاندن، چەواشەکردن،



سەرکۆنەکردن، برسی کردن و هەموو شێوازێکی تری ناپەسەند.

شانۆنامەی کەڵک لەزۆر ڕووەوە لە جیهانی شانۆنامەکانی هێنریک ئیبسنەوە نزیکە، یاردا لە زیندەخەونێکی بەئاگادا، لەگەڵ درۆکانی ژیاندا دەژی، هەروەک پاڵەوانەکانی مراوی کێوی و تارماییەکان. یاردا بەدەم خەووەوە دەڕوات، یان بەمانایەکی تر بەدەم خەووەوە دەژی. یاردا لە بەشی دووەمی شانۆنامەکەدا بە فرێدریکی برای دەڵێت: *"دڵنیام لەوەی لە خەوێکی قورسدام، بەڵام بەهیچ جۆرێک نامەوێت بەخەبەر بهێنرێمەوە....* چونکە *ئەوسا ناتوانم.... لەوە زیاتر بژیم.....*

شانۆنامەی "کەڵک"

هەروەها شانۆنامەی کەڵک لەزۆر ڕووەوە لە شانۆنامەی (سەمای مەرگ) ەوە نزیکە. کەڵک بە شێوەیەک لە شێوەکان تەواوکەر و چارەسەرێکی تری شانۆنامەی سەمای مەرگە، یان بەشی سێیەمییەتی (سەمای مەرگ لە دوو بەش پێکهاتووە) وەک هەندێک لە لێکۆڵەرەوەکان و ستریندبێری ناسان ئاماژەیان بۆ کردووە. لە کەڵکدا باوک مردووە و لەسەر شانۆ نابینرێ، جێگای کاپتن دەگرێتەوە، دایکەکەش بە تەنیا لەگەڵ کوڕ و کچەکەیدا دەژی. کەڵک هەروەک سەمای مەرگ دەنگی ڕەشەبا و با و بۆران ئەتمۆسفێرێکی ترسناک دروست دەکات.

هەروەها ستریندبێری لە مانگی ئەپریلی ساڵی ١٩٠٧–دا، بەرلەوەی شانۆنامەی کەڵک بنووسێ، شانۆنامەیەکی کورتی میناتۆری تری بە ناوی Toten-Insel بەلەوەی شانۆ نامەی کەڵک بنووسێ، شانۆنامەیەکی کورتی میناتۆریەوە نووسیوە. ئەم شانۆنامەیە لەیەک کاتدا بەردەوامییەکە بۆ شانۆنامەی سۆناتای تارمایی، بەتایبەتی لە

دیمەنی کۆتاییدا کە بە دوورگەی مەرگ کۆتایی دێت (بڕوانە ژمارە پێنجی ئەم زنجیرەیە، شانۆنامەی سۆناتای تارمایی) دەروازەیەکیشە بۆ شانۆنامەی کەڵک. شانۆنامەکە بە دیمەنێکی کورت دەست پێدەکات، هەروەک (کەڵک) بە ماوەیەکی کورت دوای مردنی باوکی خێزانەکە.

## کەڵک و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ستریندبێری

ستریندبێری وەک زوربەی ڕۆمان و شانۆنامەکانی تری، بۆ نووسینی شانۆنامەی کەڵک سوودێکی زۆری لە ژیانی خۆی، دەوروبەر و خێزانەکەی وەرگرتووە. وەک لە پێشەکی ژمارەی پێشووی ئەم زنجیرەیەدا ئاماژەمان بۆ کردووە، لەکاتی نووسینی شانۆنامەکانی گەمەی ژووردا، ستریندبێری لە بارودۆخێکی زۆر گران و ئاڵۆزی دەروونیدا ژیاوە. بۆ نموونە ژنی سێیەمی (هارێت بۆسە) وازی لێ دەهێنێ، بە تەنیا ژیاوە و زیاتر پشتی بە یارمەتی بەردەست و کەنیزەکەکانی بەستووە، بەڵام هیچ یەکێک لەو کارەکەرانە: ئالما، سۆفی، ئێبا، خاتوو کۆپەرباری... هتد لەلای ستریندبێری تا سەر نەماونەتەوە و هەر زوو، دوای چەند ڕۆژێک لەبەر گرانیی مامەڵە کردن لەگەڵ ستریندبێری، وازیان لەو کارە هێناوە و ستریندبێرییان بەتەنیا لەو ماڵەدا جێهێشتووە. دواجار خوشکەکەی ستریندبێری کە ناوی (ئانا) بووە، ناچار دەبێت بێتە لای ستریندبێری و لەبری کەنیزەکان، ئەو خزمەت و یارمەتی ستریندبێری برای بدات. ئانای خوشکیشی هەر دوای چەند ڕۆژێک بێزار دەبێت و بەبێ ماڵئاوایی، لە ماڵەکە ئەچێتە دەرەوە. دواتر ستریندبێری تا هەتایە جارێکی تر نایەوێت ئانای خوشکی ببینێت و شانۆنامەی کەڵکیش دەنووسێ بۆ تۆڵە



سەندنەوە لەو هەڵوێستەی ئانای خوشکی.

کارەکتەری سەرەکی کەڵک دایکە، هەروەک ئانای خوشکی، کوڕ و کچێکی هەبووە و بە بێوەژنیی ژیاوە. زوربەی ئەندامەکانی خێزان و بنەماڵەی ستریندبێری زۆر دڵگران و سەخڵەت بوون بە شانۆنامەی کەڵک و لۆمەی ستریندبێرییان کردووە. ئەوان زۆر بە ئاسانی وێنەی ژوورەکە، کەلوپەل، پەیوەندییەکان و تەنانەت هەندێ لە دیالۆژەکانی سەر زمانی کارەکتەرەکان دەناسنەوە.

ئانای خوشکی لەکاتی تەماشاکردنی نمایشەکەدا تووشی خورپە و هەڵچوونێکی پڕ لە تووڕەیی دەبێت و لە ناوەڕاستی نمایشەکەدا هەڵدەسێتە سەر پێ و هاوار دەکات: ئەمە ڕاست نییە! ئەمە ڕاست نییە!

ستریندبێری لەدوای نمایشکردنی شانۆنامەی کەڵک و لە نامەیەکدا بۆ (ئەکسل) ی برای نووسیوویەتی:" ئەم بەرهەمەم بەبێ ئیرادە و ویستی خۆم نووسیوە، لەکاتی نووسیندا بیرم کردەوە کە بیسووتێنم، بۆ ماوەیەکیش شاردمەوە. بەڵام سەرلەنوێ دەرکەوتەوە، وەک ئەوەی دوام کەوتبێت. هەروەها بە نمایشکردنی ئازار دەچێژم. هەموو شەوێک کە لەسەر شانۆ دەیبینم ئازار دەچێژم، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نەمتوانیوە پەشیمان ببمەوە، یان ئارەزووم بە نووسینی نەکردبێت."

لەگەڵ هەموو ئەو هۆکارانەی کە وایان لە ستریندبێری کردووە شانۆنامەی کەڵک بنووسێت، لەگەڵ هەموو ڕاستییەکان و ئەو بنەما واقیعیانەی کە سترکتوری شانۆنامەکەی لەسەر بنیات نراوە، کەڵک شانۆنامەیەکە بە شێوازێکی ئەدەبی و هونەری بەرز و دوور لەهەموو

جۆرە ڕاپۆرت و ژیانی ڕاستەوخۆی خێزانی و بیوگرافیاکانەوە نووسراوە.

ستریندبێری وەستایەکی گەورە بووە لە بەکارهێنانی ژیانی خۆی و دەوروبەرەکەیدا. ئەوەی بەکاری هێناوە، ئەوەی ڕاستەوخۆ لەژیانی خۆی، یان ئەندامەکانی خێزان و بنەماڵەکەیانەوە وەری گرتووە، کردوویەتی بە شیعرێکی بەرز، بە ئەدەبێکی گەورە و بە شانۆیەکی مەزن.

ستریندبێری لە سەرەتادا گەرەکی بووە شانۆنامەکەی ناوبنێ (ڕۆیشتن بەدەم خەوەوە)، لەو بڕوایەوە کە کەسانی تاوانبار و شەڕخواز، هەست بە هێزە شەڕخوازییەکانی ناوەوە و دەروونی خۆیان ناکەن، لەبەرئەوە پێویستە پەردە لەڕووی تاوانەکانیان هەڵماڵدرێت، بەئاگا بهێنرێنەوە و لەو خەوە خەبەریان بکرێتەوە.

## تارمایی یان ئازاری ویژدان

لە سۆناتای تارماییدا کارەکتەری هوممێل تووشی ئازاری ویژدان، شڵەژان و ڕاوەدوونان دەبێت کە کچە شیرفرۆشەکە و کۆنسولە مردووەکە دەردەکەون. بەهەمان شێوە لە کەڵکدا کارەکتەری دایک مێردە تازە مردووەکەی ڕاوی دەنێ و ویژدانی ئازار دەدات، لانکە کورسییەکەی باوکە مردووەکە کە دەجووڵێتەوە، تارمایی ئاسا ڕاوی دەنێ و وەک سزادانێکی دەروونی بۆ کارەکتەری دایک وایە و پیاوەکەی بە هەموو گرفت و ئازارەکانییەوە وەبیر دەخاتەوە. دایک لە وێنە هەڵواسراوەکەی باوک دەترسێ و وا دەزانێ ئەوە چاوەکانی ئەوە کە لە وێنەکەوە لێی مۆڕ دەبێتەوە، هەمیشە گوێی لە دەرگادان و



هاوارکردنە.

شانۆنامەکە بە دیالۆژەکانی دایک دەست پێدەکات و چەندین جار دەڵێت " **دەرگاکە پێوەدە!** " کە کوڕەکەشی بۆ یەکەم جار دێتە ژوورەوە هەر دەڵێت "دەرگاکە پێوەدە!". دواتر لە بەشی یەکەمدا دایک دەرگاکە لەسەر خۆی و ئەکسلی زاوای دادەخات. ئەمەش دەبێتە هۆی دڵپیسکردنی یاردای کچی. کە یاردا دێتە ژوورەوە بە تێڕامانەوە دەڵێت:" **بۆ دەرگاکەتان لەسەر خۆتان داخستبوو؟**" شانۆنامەی "کەڵک"

لەدەرگادان، دەرگا داخستن و لەخۆڕا دەرگا کردنەوە، نائارامیی و هەندێک جار کەشێکی ترسناک و تارمایی ئاسا دەخوڵقێنێ. یەکەم لەدەرگادان حاڵەتێکی ئیرەیی و دڵپیسکردن دروست دەکات. یاردا دەیەوێت بێتە ژوورەوە، بەڵام دایک و زاوا پێکەوە دەرگایان لەسەر خۆیان داخستووە و بەدوای وەسێتنامە و بەڵگەنامەکانی تری باوکدا دەگەڕێن. هەندێک جار نازانرێ کێ بە دەرگاکاندا دەکێشێت، زیاتر وەک ڕەشەبایەک دەردەکەوێت. ڕەشەبا، زریان و باوبۆران وەڵامی هێزە لەدوا نەهاتووەکانی سروشتە، ستریندبێریش هێزەکانی سروشت بەرامبەر بە مرۆڤ دادەنێت. هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەوە مرۆڤ هەست بە سەرما، ڕەشەبا و باوبۆران دەکات. ستریندبێری ژوورەکە بە چۆڵیی و بەرلەوەی کارەکتەرەکان بێنە ژوورەوە، بە ڕەشەبا و هێزێکی نادیاری سروشت گەمارۆ ئەدات. بڕوانە سەرەتای بەشی دووەمی شانۆنامەکە.

*(سەر شانۆکە چۆڵە، لە دەرەوە گڤەی با دێت، گڤەی بایەکە لە پەنجەرەکان و کونی ئاگردانەکەوە ئەبیسترێت. دەرگای بەشی دواوەی*

*شانۆکە بەیەکدا دێت، دائەخرێت و ئەکرێتەوە. ئەو کاغەزانەی لەسەر مێزەکەن لەگەڵ بەیەکدادانی دەرگاکەدا، بە ژوورەکەدا بڵاو ئەبنەوە. ئینجانەیەک لەسەر ڕەفەیەک کە بە یەکێک لە دیوارەکانەوە هەڵواسراوە، ئەکەوێتە جووڵە. وێنەیەک بەر ئەبێتەوە. هەر دوای ئەوە دەنگی فرێدریک ئەبیسترێت:" دایە..." (پاشان) " پەنجەرەکە پێوەدە!" (پشوو... لانکە کورسییەکە ئەکەوێتە جووڵە.)*

شانۆنامەی "کەڵک"

کە کارەکتەری دایک بەتەنها لەسەر شانۆیە و دەگاتە ئەو ئاستەی کە لە پەنجەرەکەوە خۆی فڕێ بداتە خوارەوە، سێ جار لە دەرگاکە دەدرێت. دایک بە دەنگی بەرز بەدەم خۆیەوە قسە دەکات، **کێیە؟ چی بوو؟ یان وەرە ژوورەوە.** دوای ئەوە دەرگاکە دەکرێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک بێتە ژوورەوە، یان هیچ کەسێک ببینرێت، هیچ تارماییەک دەرناکەوێت، بەڵام دایک لەبارێکی ترسناکی دەروونیدا دەژی، *زراوی چووە و وا دەزانێت تارماییەک هاتۆتە ژوورەوە: «دەرگا ئەکرێتەوە. "کێیە ئەوە؟" دەنگی هاوار و قیژەی کوڕەکە ئەبیسترێت. " ئەوەتا .... دەنگی باوکیانە... نەمردووە؟ چی بکەم! ڕوو بکەمە کوێ؟" لەپشت بۆفیەکەوە خۆی ئەشارێتەوە.»*

شانۆنامەی "کەڵک"

لەکۆتایی بەشی دووەمدا، دایک دێتە ژوورەوە، لە هەمان کاتدا کوڕەکەی لەسەر لانکە کورسییەکە هەڵدەسێتە سەر پێ و کورسییەکە دەجووڵێتەوە، جووڵانەوەی لانکە کورسییەکە، کە میراتی باوکە مردووەکەیە و ئەو هەمیشە لەسەری دانیشتووە، دایک ئەشڵەژێنێت.



باوک لەسەر شانۆ نابینرێت، تەنانەت وەک تارماییش دەرناکەوێت، بەڵام بە شێوەیەکی نادیار، زۆر بەهێز لە هەڵسوکەوتی دایکدا دەردەکەوێت. ئەم حاڵەتە دایک بێزار دەکات، هەوڵ ئەدات لە هێزی ئەو تارماییە نادیارە، وەک چەمکێکی میتافۆری دووربکەوێتەوە. بۆ نموونە ئەو وێنەیەی باوک کە بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە، لادەبات.

*دایک:*

*ئەو وێنەیەی باوکت ئەوێت، ئەوەی کە بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە؟*

کوڕ:

بۆ؟

*دایک:*

*لەبەرئەوەی حەزم لەو وێنەیە نییە... چاوەکانی زەق و دەرپۆقیون.*

کوڕ:

بەڵام من پێم *وا* نییە!

*دایک:*

*دە کەواتە لە دیوارەکەی بکەرەوە. تۆ کە پێت وا نییە و ئەوەندەت لا بەنرخە، ئەتوانیت بیبەیت بۆ خۆت!*

شانۆنامەی "کەڵک"

دواتر باوک لەڕوانگەی نامەیەکەوە دەردەکەوێت، بەر لە مردنی نامەیەکی بۆ کوڕەکەی نووسیوە و لەو نامەیەدا ڕاستیی کارەکتەر و دەروونی شەڕخوازی ژنەکەی ڕوونکردۆتەوە. وەک دزێک ئاماژە بە

دایک دەکات:' *... بەردەوام لەو خەرجییەی گلداوەتەوە کە پێی دراوە، بەوەی وای پیشان داوە کە بەتامترین و چاکترین کەلوپەلی بە گرانترین نرخ کڕیوە، لەکاتێکدا کە خراپترین و هەرزانترین بوون...*
''شانۆنامەی ''کەڵک''

ئەو نامەیەش دەبێتە تارماییەکی بەهێز و بێزارکەری کارەکتەری دایک. فرێدریک هەر وەک هاملێت لە تارماییەکەوە پەیامێکی پێدەگات، بێگومان لەگەڵ جیاوازییەکی گەورە لەنێوان تارمایی باوکی هاملێت (پادشا) و باوکی فرێدریک لە شانۆنامەی کەڵکدا. لەلای ستریندبێری و لە کەڵکدا بە هیچ شێوەیەک هیچ تارماییەک دەرناکەوێت، بەڵام ستریندبێری لە ئاستێکی بەرزدا بارودۆخێکی ترسناک و ئەتمۆسفێرێکی تارمایی ئاسا دەخوڵقێنێت.

کەڵکی ستریندبێری نەفەسێکی قووڵی هاملێت لەخۆ دەگرێت، بەڵام هاملێتەکەی ستریندبێری لە بری کۆشک و تەلاری پادشا، لەنێو خێزانێکی بۆرژوای داخراودا بەرجەستە دەبێت. لە هەمان کاتدا فرێدریک کارەکتەرێکی مۆدێرنی (ئۆرستێس) ی درامای گریکییە و هەروەک ئۆرستێس بەدوای پشتیوانی ئێلێکترای خوشکیدا دەگەڕێ. بۆ فرێدریک زۆر گرنگە کە خوشکەکەی لەو خەونە قورسە خەبەرکاتەوە، پشتیوانی لێ بکات و پیلان و دڵڕەقیی و ڕۆڵی نامرۆڤانەی دایکی بۆ ڕوون بکاتەوە. ئەمانەش کۆمەڵێک فاکتەری دەرەکی و ناوەکی سیکۆلۆژی کارەکتەرەکانن، هەر ئەو فاکتەرانەشە کە کارەکتەرەکان دەجووڵێنێ و کردارەکانیان ئاراستەی ڕووداوەکان دەکات، یان کردارەکانیان بەرجەستەی ڕووداوەکان دەکات و پێکەوەیان دەبەستێتەوە.



## سمبوڵە میتافۆرییەکان لە شانۆنامەی کەڵکدا

ئاگر لە زوربەی شانۆنامەکانی گەمەی ژووری ستریندبێریدا، سمبوڵ و دەروازەیەکی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکانە، بۆ نموونە: باوبۆران، زەوی سووتاو و کەڵک. لە شانۆنامەی کەڵکدا ئاگر سمبوڵی پاکژبوونەوە و سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەی جیهانە. لە کەڵکدا دەتوانین ئاماژەی ئەوە بدەین کە شانۆنامەکە لە چاوەڕوانییەکی بەردەوامی ئاگردایە.

سەرەتا ئاگرێکی کۆنترۆڵکراو، ئەو ئاگرەی کە گەرمایی دەبەخشێت و لە سەرما و سۆڵە دەمانپارێزێت، گەرمایش بۆ ئەم مەبەستە ئاماژەیەکی ئارامی و دڵنیابوونە. ئەو ئاگرەی لە کۆتایی شانۆنامەکەشدا هەڵدەگیرسێ، بەرئەنجامێکی تراژیدیای شانۆنامەکەیە. بەرئەنجامێکی نەبوونی ئارامی و دڵنیاییە. ستریندبێری لە کۆتاییدا، ئاگر وەک چەمکێکی میتافۆری بەکاردەهێنێ: کەڵک لەسەر ئاستی یەکەم بە ئاگرێکی گەورەی ڕیالیزمیی کۆتایی بە ئاگرەکە دەهێنێ. لەسەر ئاستێکی تر ئاگرەکەی کۆتایی چەندین هێمای میتافۆریی لە ستروکتوری شانۆنامەکە، جیهانە ئەبسورد و گوزارشتئامێزەکەیدا دروست دەکات. ئاگر لێرەدا دەبێتە پێکداچوونێکی نێوان مەرگ و ژیان، گەرمایی و ئاگر. ئەو ئاگرەی لە کۆتاییدا دەکرێتەوە جۆرێکە لە چاوەڕوانیی، بەتایبەتی لەلای ئەو کارەکتەرانەی کە هەڵگری ئاکار و مۆراڵێکی مرۆڤانەی پاکن: خوشک و برا (فرێدریک و یاردا). ئاگرەکە سەرەتا گەرمیان دەکاتەوە، دواتر کۆمەڵێ دەنگی لێوە دێت، قرچە قرچی ئاگرەکە، لە هەمان کاتدا ئاگرەکە بۆنێکی خۆش بۆ ئەو خوشک و برایە دروست

دەکات کە ڕۆژانی منداڵییان دەخاتەوە یاد.

لە شانۆنامەی کەڵکدا، کارەکتەری کوڕەکە (فریدریک) وەک خوێندکارێکی کۆلیژی یاساناسیی، هۆشیارە لەسەر هەردوو ئاستی لۆژیک و هەست و سۆز و لە هەموویان زیاتر ئاگاداری ڕووداوەکانە، هەر لەبەر ئەوەشە، وەک هەڵوێست و بەرئەنجامێکی ڕووداوەکان خانووەکە دەسووتێنێ. لەم چرکەساتەدا یاردای خوشکی هێشتا نیوە ئاگایە و مەرگ وەک ڕزگارکەرێک، لە گێژاوی ڕووداوەکاندا دەبینێ.

هەروەها ئاگر لەلایەکی تریشەوە، لە شانۆنامەی کەڵکدا، وەک حاڵەتێکی مەجازیی پەیوەستە بە ڕاستییەوە، دایک منداڵەکانی لە گەرمی بێ بەش دەکات، گەرمی سۆزی دایکایەتی و گەرمایی گەرمبوونەوە، بەلای دایکەوە ئاساییە کە منداڵەکانی لە سەرمادا هەڵبلەرزن. بە هەمان شێوە وێنەیەکی دژوار و نەخوازراوی باوک نیشان دەدات و هەمیشە درۆی بە دەمەوە هەڵدەبەستێت. ڕاستی و دروستیی کارەکتەری باوکیش لە ئاگردانەکەوە ئاشکرا دەبێت. کوڕەکە نامەکەی باوکی لە ئاگردانەکەدا دەدۆزێتەوە، ئەو نامەیەی کە دایک دەیەوێت بیسووتێنێ و لە کوڕەکەی بشارێتەوە. لەم شانۆنامەیەدا، جگە لە کارەکتەری دایک هەموو کارەکتەرەکانی تر هەمیشە سەرمایانە، کوڕەکەی لە هەموویان زیاتر سەرمایەتی، هەندێک جار پیانۆ دەژەنێ تا گەرمی بێتەوە.

*مارگرێت:*

*ئا... ئا... (پشوو) ئێرە زۆر ساردە، کەمێک ئاگرت بۆ نەکەمەوە؟*

*دایک:*

*نەخێر.... چیتر لە توانامدا نییە بسووتێنین.*



*مارگرێت:*

*بەڵام کوڕەکەت، بە درێژایی ڕۆژ لەم ماڵەدا لە سەرمادا هەڵئەلەرزێت، هەر بۆیە ناچارە یان ئەبێت بڕوات بۆ دەرەوە، یان ئەبێت ماڵەکە گەرم دابێت، تا بتوانێت لەگەڵ خوێندنەکەیدا بەردەوام بێت...*

*دایک:*

*ئەو هەروا بووە، سەرمابردەڵە بووە و هەمیشە لە سەرماندا هەڵلەرزیوە...*

شانۆنامەی "کەڵک"

سەرما و برسی بوونی منالەکان چەمکێکی تری سمبوڵییان هەیە، سەرما و برسێتی کوڕ و کچەکە، نەبوونی خۆشەویستی و نەزۆکیی هەستی دایکایەتی کارەکتەری دایکەکە بەرجەستە دەکات، لە هەمان کاتدا بوارێکی تری فراوانتر لەخۆ دەگرێت، ئەویش چەمکی دەسەڵاتە. دایکێکی دڵڕەق خواردن و گەرمکردنەوەی ماڵەکەی دەکاتە ئامرازێکی دەسەڵات و بۆ چەوساندنەوەی مێرد و منداڵەکانی بەکاریان دەهێنێ. ساردوسڕیی یەکێکە لە سیما گرنگەکانی شانۆنامەکە، ساردیی هەست و سۆز و ساردیی سەرما، وەک لەوەوپێش ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەم دوو توخمە پێکەوە یەکتری تەواو دەکەن و کارەکتەرەکان ئازار ئەدەن و سەرکۆنەیان دەکەن، ئەم ساردییە لە دیمەنی کۆتاییدا دەبێتە هێزێکی گەورەی گەرمیی، گەرمیی لە هەست و هۆشدا و گەرمیی لە ژوورەکەدا. دوای ئەوەی کوڕەکە ماڵەکەیان دەسووتێنێت، دەڵێت:

کوڕ:

*یاردا! هەست ئەکەیت چەند گەرم و خۆشە! ئیدی هەڵنالەرزم و سەرمام نابێت... گوێ بگرە چ قرچە قرچێکە لە دەرەوە... ئێستا ئیتر هەرچی کۆنە، هەرچی کۆن و ناشیرین و خراپە، ئەسووتێت و....*

شانۆنامەی "کەڵک"

دیمەنی کۆتایی ڕۆژانی ڕابردوو و ژیانی کارەکتەرەکان سەرلەنوێ لەنێو بڵێسەی ئاگرەکەدا زیندوو دەبێتەوە، فرێدریک و یاردای خوشکی، ژیانی ڕابردوو و منداڵیی خۆیان بیر دەکەوێتەوە. لەنێو ئەو یادگارانەدا گەرمیان دەبێتەوە، پاکژ دەبنەوە و سەرلەنوێ دەبنەوە بە دوو منداڵەکەی جاران.

کوڕ:

*.... یاردا!..... پەلە بکە.... ئەوا کەشتییەکە خەریکە بەڕێ ئەکەوێت... دایکیشمان لە ساڵۆنی بەشی پێشەوەدا دانیشتووە و چاوەڕێی ئەوەیە ئێمەیش سواربین... نەء! ئەومان لەگەڵدا نییە... ئەو بەتەنیایە و لەسەر قەراخی دەریاکە بەجێ ماوە.... وا نییە؟ لەکوێیە؟ نایبینم؟.... ئەم گەشتە، بێ دایکمان، هیچ تامێکی تێدا نابێت!... ئەوەتا... ئەویش گەیشت!... ئیتر پشووی هاوینیش دەست پێ ئەکات....*

شانۆنامەی "کەڵک"

ئەو ترسەی دایک کە هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەوە لە دڵ و دەروونی یاردای کچیدا دروستی دەکات، لەکۆتایی شانۆنامەکەدا وەک



دەمامکێکی درۆزنانە و شەڕخواز دادەماڵرێ و چارەنووسی دایک وەک مرۆڤێکی تراژیدی دەردەکەوێت. دایک لەنێو ئاگرەکەی کۆتاییدا دەبێتە قوربانییەکی دەست کەسانی وەک ئەکسلی زاوای کە هەڵیانخەڵەتاندووە، بەڵام لە هەمان کاتدا هێزی شەڕی دەروونی خۆیشی هەڵخەڵەتاوە. یاردا لەم کۆتاییەدا دەڵێت: "*دایکە بەستەزمانەکەم، چەند خراپ بوویت. چەند...*" شانۆنامەی "کەڵک"

کە دایک لەکۆتاییدا پەنجەرەی بانیژەکە دەکاتەوە، لە ئاستێکی ڕیالیزمیدا دەیەوێت خۆی لە ئاگرەکە دەرباز بکات، بەڵام لە ڕوانگەیەکی میتافیزیکییەوە تەقەلایەکە بۆ دەربازبوون لە دۆزەخ و دەڵێت: "*من نامەوێت بسووتێم!*"

## کەسەکان

*دایک: ئێلیس، بێوەژن.*

*کوڕ: فرێدریک، قوتابیی کۆلیژی یاساناسی.*

*کچ: یاردا .*

*زاوا: ئەکسل، مێردی یاردا .*

*مارگرێت: خزمەتکار.*

*هۆڵێک. لە بەشی دواوەی شانۆکەدا، دەرگایەکی هاوبەش لەنێوان هۆڵەکە و ژووری نانخواردندایە. گۆشەیەک لە گۆشەکانی لای ڕاستی هۆڵەکە، بە دەرگایەک ئەکەوێتە سەر تەلاری خانووەکە. بۆفیەیەک، مێزێکی نووسین. قەنەفەیەک؛ بەرگێکی جەرگی لە قەیفەی تووکاوی پیادا دراوە. لانکەکورسییەک.*[٢]

*(دایک، بە جلوبەرگی پرسەوە، دێتە ژوورەوە. خاووخلیچک، لەسەر قەنەفەیەکی یەک کەسی دائەنیشێت. پشێوە و جارناجارێک گوێ ڕائەدێرێت.)*

*(لە دەرەوە Chopins Gantaisie Impromptr auvre posthume op. 66 لێ ئەدرێت)*

*(مارگرێت، لە دەرگای بەشی دواوە دێتە ژوورەوە.)*



دایک:

دەرگاکە پێوەدە، بێ زەحمەت.

مارگرێت:

هەر خۆتیت لێرە، تەنیایت؟

دایک:

بێ زەحمەت، دەرگاکە پێوەدە. ئەوە کێیە مۆسیقا لێ ئەدات؟_

مارگرێت:

چ ئاووهەوایەکە ئەم ئێوارەیە! هەم ڕەشەبا و هەم بارانیش...

دایک:

دەرگاکە داخە، بێ زەحمەت! لەوە زیاتر بەرگەی ئەم بۆنە ناخۆش و خنکێنەرە؛ ئەم بۆنی مردنە، ناگرم. دەرگاکە داخە...

مارگرێت:

منیش هەر پێم وایە کە ئەوە بۆ تۆ ئاسان نەبێت، هەربۆیە ئەبوو لاشەکەی ئەوەندە لێرە نەهێڵرایەتەوە و یەکسەر ببرایە بۆ ئەو جێیەی کە لاشەی مردووی تێدا هەڵئەگیرێت.

دایک:

بەڵام مناڵەکان پێیان وا نەبوو. ویستیان لە ماڵەوە بمێنێتەوە.

مارگرێت:

بۆ تائێستا هەر لێرە ماویەتەوە! بۆ ناگوێزنەوە!

دایک:

خانەخوێکە ڕێی گواستنەوەمان نادات و ناشبێت لێرە بجوولێین... (پشوو.)... بۆ ئەو بەرگەت لابردووە کە بەسەر قەنەفە سوورەکەدا درابوو؟

مارگرێت:

ناچار بووم! چونکە ئەبوو بۆ شتن بە جێم بهێشتایە. "پشوو" تۆ خۆیشت ئەزانیت کە پیاوەکەت دواهەناسەی لەسەر ئەو قەنەفەیە دا... بەڵام قەنەفەکە لابە...

دایک:

نابێت! بە هیچ جۆرێک نابێت دەستکاری هیچ شتێک بکەم. ئەبێت شتەکان لە شوێنی خۆیاندا بمێننەوە... تا ئەوکاتەی هەر کاروبارێک کە پێوەندی بە دەرامەتەکەیەوە هەیە کۆتایی دێت. ئا! تا ئەوکاتەی کە ڕوون ئەبێتەوە چەندی قەرز لەسەر ماوە و چەندی قەرز لەلای خەڵکە... لەبەرئەوەیش کە ناتوانم لە ژوورەکانی تردا کات بەسەر ببەم، هەرچۆنێک بووە، ئەبێت لێرە، دابڕاو لە هەموو شتێک، هەڵبکەم و کات...

مارگرێت:

بۆ ناتوانیت!؟...

دایک:

لەبەرئەوەی شتم دێنەوە یاد... بەبیرهاتنەوەی هەر یادێکیش لە ئێستادا ناخۆشە، ئەمە بێجگە لەو بۆنە ناخۆشەی کە بەردەوام گێژی کردووم... ئەوە کێیە مۆسیقا لێ ئەدات!؟ کوڕەکە!؟

مارگرێت:

ئا... ئەو ماڵەوەی پێ خۆش نییە و ناڕەحەتە، دوودڵە و بەردەوامیش هەر برسییەتی، پێی وایە کە قەت تێر نەبووە و هەمیشە هەر برسی بووە...

دایک:

ئەو هەر وا بووە، هەر لە بوونیەوە لەڕ و لاواز و بێ هێز بووە...



مارگرێت:

لەڕ و لاوازی و بێ هێزیی مناڵ پێوەندە بە لە شیر بڕانەوەیەوە. مناڵ کە بەزوویی لە شیر بڕایەوە، پێویستی بە خواردنی بەسوود هەیە دەنا...

دایک:

"بەتوندوتیژییەوە" ئێی ی ی! بۆ تائێستا لە هیچی کەم بووە؟

مارگرێت:

بەتەواوی نا! بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا نەئەبوو ئەوەندە دەستت بگرتایەتەوە تا خراپترین و هەرزانترین خواردنیان بۆ بکڕیت. نەئەبوو بەو کارەت، مناڵەکانت ناچار بکردایە،– لە قوتابخانە، پەنابەر بەر کوپێ چا و لەتێک نان، هەق نەبوو وات بکردایە...

دایک:

مناڵەکانم قەت لەو خواردنانەی پێیان دراوە نابەدڵ نەبوون و هیچ سکاڵایەکیشیان بەرانبەریان نەبووە...

مارگرێت:

ئاوها!؟ ڕاست ئەکەیت، هیچ سکاڵایان لای تۆ نەکردووە، چونکە نەیانوێراوە. بەڵام کاتێک کە گەورەتر بوون و پێگەیشتن، ناچار پەنایان ئەهێنایە بەر من، لە موبەقەکە...

دایک:

بەهەرحاڵ، ئەگەر سکاڵایەکیشیان هەبووبێت، لەبەر ئەو بارە نالەبارەی نەداری بووە کە هیچ کاتێک بەرۆکی ئەم ماڵەی بەر نەئەدا...

مارگرێت:

نا... وا نییە، چونکە لەوەیش بێئاگا نیم کە ئەم خێزانە

دەستکورت و نەدار نەبووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە کاتی وا هەبووە مێردەکەت باجی لەسەر دەرامەتێکی زۆر داوە...

دایک:

بەڵام ئەو کاتانە بە سەر چوون!

مارگرێت:

ڕاست ئەکەیت، ئەو کاتانە بە سەر چوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا مناڵەکان زۆر لەڕ و لاوازن. تەنانەت یاردا کە تەواو گەورە و پێگەیشتووە... هیچ پێوەی دیار نییە و لە...

دایک:

ئەم قسانە چین؟

مارگرێت:

ئا... ئا... (پشوو.) ئێرە زۆر ساردە، کەمێک ئاگرت بۆ نەکەمەوە؟

دایک:

نەخێر... چیتر لە تواناماندا نییە بسووتێنین.

مارگریت:

بەڵام کوڕەکەت، بە درێژایی ڕۆژ لەم ماڵەدا لە سەرماندا هەڵئەلەرزێت، هەربۆیە ناچارە یان ئەبێت بڕوات بۆ دەرەوە، یان ئەبێت ماڵەکە گەرم دابێت، تا بتوانێت لەگەڵ خوێندنەکەیدا بەردەوام بێت...

دایک:

ئەو هەروا بووە. سەرمابردەڵە بووە و هەمیشە لەسەرماندا هەڵلەرزیوە...



مارگرێت:

باشە بۆ؟

دایک:

بە ئاگا بە مارگرێت! (پشوو.) گوێم لە دەنگی پێیە!... بڵێی بێجگە لە ئێمە کەسی تر لێرە هەبێت؟

مارگرێت:

نەء... کەسی تر لێرە نییە!

دایک:

لەو بڕوایەدایت لە خێو ئەترسم؟

مارگرێت:

نازانم... بەڵام مانەوەی منیش لێرە درێژەی کێشا و لەوە زیاتریش پێویست ناکات بمێنمەوە... لەگەڵ هاتنمدا، وەک ئەوەی بە تاوانی ئاگاداریکردنی مناڵەکان، تاوانبار کرابێتم، لێرە مامەوە... بەڵام کە ئەمبینی، لەم ماڵەدا، بە چ شێوەیەکی ناشیرین هەڵسوکەوت لەگەڵ خزمەتکارەکانی تردا ئەکرا، ئەبوو نەمامایەوە، بەڵام نەمئەتوانی، یان نەهێڵرا، ئێرە بە جێ بهێڵم... ئێستایش کە یاردا بە مرادی خۆی گەیشتووە و شووی کردووە، ئیتر کاروباری منیش تەواو بووە... ئێستا نا، بەڵام پێم وایە بەم زووانە منیش ڕزگارم ئەبێت و ڕێی خۆم ئەگرمە بەر.

دایک:

لێت تێناگەم! بە هیچ جۆرێک لێت تێناگەم!... هەموو دنیاش لەوە بەئاگایە کە چۆن لەپێناوی پێگەیشتن و باش

پەروەردەکردنی منداڵەکانمدا بوومە قوربانی و چۆنیش ئەرکی ماڵداری و ئەرکەکانی ترم بە ڕاست و دروستی بە جێ هێناوە... تۆیش! تۆ تەنیا کەسێکی کە نارەزاییت بەرانبەرم هەیە، بەڵام نارەزایی تۆ هیچ گرنگییەکی نییە. هەر کاتێکیش ئەڕۆیت، برۆ... چونکە چیتر بیر لە ڕاگرتنی نەک تۆ، بەڵکو هیچ خزمەتکارێک ناکەمەوە. بەتایبەت لەکاتێکدا کە یاردا و ئەکسل نیازیان هەیە بگوێزنەوە ئێرە و لێرە بژین...

مارگرێت:

هیوادارم پێ و قەدەمیان بە خێر بێت و... گواستنەوەیان بۆ ئێرەیش بە چاکە بۆ تۆ بگەڕێتەوە. شتێکی سروشتیشە کە منداڵان نارازی بن لەوەی بۆیان ئەکرێت، بەڵام خەسوویەکیش ئەگەر دەوڵەمەند و دارا نەبێت جێی ڕێزلێگرتن و گرنگیپێدان نییە...

دایک:

لەو بارەیەوە ئارخەیان بە... چونکە من نەک نابم بە ئەرک بەسەر ئەوانەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە کاروباری ماڵدارییەکەشیاندا ئەبم بە پشتێک بۆیان... بیریشت نەچێت کە زاواکەی من لە هیچ زاوایەکی تر ناچێت و جیاوازە...

مارگرێت:

بەڕاست؟

دایک:

ئا... وایە! چونکە ئەو وەک خەسوویەک هەڵسوکەوت لەگەڵ مندا ناکات... بەڵکو ئەگەر نەڵێین دۆستێک، بە چاوی خوشکێک سەیرم ئەکات...



(سەروسیمای مارگرێت ئەگۆڕێت.)

دایک:

تێت ئەگەم، سەر و سیمات چاک ئەخوێنمەوە... پێشت سەیر نەبێت کە زاواکەمم خۆش ئەوێت، ئەویش ڕێز لەو خۆشەویستییە ئەگرێت و بەلایەوە گرنگە... مێردەکەم ئەوی خۆش نەئەویست، چونکە ئەگەر نەڵێم ئێرەیی پێ ئەبرد، دڵیشی لێ پیس کردبوو،... بەوەیش، ڕێزێکی زۆری بۆ من پەیدا کردبوو، هەرچەندە من ئەوەندە گەنجیش نیم، کە شایانی دڵ لێ پیسکردن بم... هیچت وت؟

مارگرێت:

نەخێر!... بەڵام پێم وایە یەکێک بەرەو ئێرە دێت... کوڕەکەتە؛ فرێدریک، چونکە ئەکۆکێت. ئاگر نەکەمەوە؟

دایک:

نەء. پێویست ناکات.

مارگرێت:

ئێلیس!... من زۆر لە برسێتی و سەرماوسۆڵەی ئەم ماڵەم چەشتووە. هەرچەندە ئەوە گرنگ نییە، بەڵام هیچ نەبێت خۆ ئەکرێت جێگایەکی نووستنی ڕێکوپێکم پێ ڕەوا ببینیت، چونکە ئیتر پیر و ماندوو بووم و...

دایک:

کاتی هاتووە، کەی ئەگوێزیتەوە؟

مارگرێت:

ڕاستە! خۆ ئەوەم لە بیر کردبوو... بەڵام تکایەک... هەر بۆ

خاتری ئابڕووی ئەم ماڵە، لەگەڵ ڕۆیشتنمدا، جێگای نووستنەکەم بسووتێنە، تا ئەو کەسانەی لەسەر ئەو جێگایە نووستوون و مردوون، تەریق نەبنەوە و شەرم نەتانگرێت لە ئاست ئەو کەسەدا کە دوای من دێت. ئەگەر کەسێک... بێت!

دایک:

کەس نایەت.

مارگرێت:

بەڵام ئەگەر کەسێکیش بێت، نامێنێتەوە... چونکە کەسانێکی زۆر، پێش من و دوای منیش، هاتوونەتە ئێرە، بەڵام نەیانتوانیوە بمێننەوە و هەرزوو ڕێی خۆیان گرتۆتە بەر...

دایک:

کە نەماونەتەوە، هەر لەبەرئەوە بووە کە خراپ و هیچوپووچ بوون. ئێوەی خێڵی خزمەتکاران، هەر هەمووتان، خراپ و هیچوپووچن...

مارگرێت:

زۆر سوپاس!... باشە!... هەر چۆنێک بێت، وا خەریکە ئیتر نۆرەیش دێتە سەر تۆ! هەر یەکێک لە ئێمە نۆرەی تایبەتی خۆی هەیە و هەموو شتێکیش لە نۆرە و کاتی خۆیدا دێت.

دایک:

بیبڕەوە... بەس نییە؟

مارگرێت:

با. منیش پێم وایە کە ئیتر بەس بێت!

(ئەڕوات.)



(کوڕ، دێتە ژوورەوە. کتێبێکی بە دەستەوەیە. ئەکۆکێت. دەنگی کەمێک ئەیگرێت.)

دایک:

دەرگاکە پێوەیە، بێ زەحمەت!

کوڕ:

بۆۆۆ!

دایک:

ئاوها وەڵامم ئەدەیتەوە، چیت ئەوێت؟

کوڕ:

ئەتوانم لێرە دانیشم و بخوێنمەوە... ژوورەکەم زۆر ساردە...

دایک:

ڕەق بیتەوە، تۆ هەمیشە هەر سەرماتە؟

کوڕ:

چی بکەم! کاتێک پیاو دائەنیشێت، سەرما کاریگەریی زیاتر هەیە، وەک لەوەی سەرما بێت و بجووڵێیت. (پشوو.) (سەرەتا وا پێشان ئەدات ئەخوێنێتەوە، پاشان...) ئەرێ بەڕاست، کاروباری قەرزدانەوە و قەرزوەرگرتنەوەکان تەواو بوو، یان نا؟

دایک:

بۆ ئەپرسیت؟ هیچ نەبێت با ئەم ماتەمینییەمان لە کۆڵ بێتەوە، ئەوسا. هیچ خەمبار نیت بە مردنی باوکت؟

کوڕ:

با، چۆن!... بەڵام هەر چۆنێک بێت... ئێستای چاکترە. لەگەڵ ئەوەیشدا داوای هێمنی و حەسانەوەی بۆ ئەکەم، ئەو

هێمنییەی کە بۆ دواجار پێی گەیشت. بەڵام ئەمە ڕێ لەوە ناگرێت، تێبگەم لەوەی کە جێوڕێی منیش لەم ماڵەدا، لەمەودوا، چی بە سەر دێت... مەبەستم لەوەیە... ئاخۆ ئەتوانم بەردەوامی بە خوێندنەکەم بدەم تا کاتی دواتاقیکردنەوە، بێ ئەوەی ناچار بم قەرزی بۆ بکەم...

دایک:

خۆیشت ئاگاداریت کە باوکت، لەوانەیە لە قەرزوقۆڵە زیاتر شتێکی تری لە پاش بە جێ نەمابێت.

کوڕ:

ئەی دوکانەکە! خۆ هەر نەبێت شتێک ئەکات!

دایک:

دوکان! چ دوکانێک! دوکانێکی بێ مەخزەن و مەخزەنێکیش کە ئەوەی کەلوپەل بێت تێیدا نییە... تێ ئەگەیت؟

کوڕ:

(سەرەتا بیر ئەکاتەوە.) ئەی کارگەکە، ناووناوبانگەکەی، ئەی کڕیارەکان...؟!

دایک:

پیاو ناتوانێت کڕیارەکان بفرۆشێت...

کوڕ:

وایە ناتوانێت، یان وا ئیدعا ئەکرێت کە ناتوانێت!

دایک:

چییە! لەوە ئەچێت لای پارێزەرەوە هاتبیتەوە؟ (پشوو.) ئەوە هەموو ماتەمینییەکتە بەرانبەر بەو ئاکامەی باوکت پێی گەیشت؟



کوڕ:

نا... نا... وایش نا؟ بەڵام هەر شتە و لە نۆرە و لە کاتی خۆیدا! یاردا و مێردەکەی گەڕاونەتەوە یان نا؟

دایک:

ئەمڕۆ، سەر لە بەیانی، لە سەفەرەکەیان گەڕانەوە! ئێستایش لە میوانخانەیەک... لایان داوە.

کوڕ:

چاکە! هەر نەبێت لەوێ تێر بە سکی خۆیان ئەخۆن...

دایک:

خواردن، خواردن، خواردن نەبڕایەوە! تۆ هەر باسی خواردن ئەکەیت و هیچی تر! بۆ قەت ناڕازی بوویت بەو خواردنەی پێت دراوە؟

کوڕ:

خوا نەکات! ناڕازی!

دایک:

باشە، شتێکی تر! تۆ لەوە بەئاگایت کە لەم دواییەدا ناچار بووم لە باوکت جیا ببمەوە و بە جێی بهێڵم، تەنیا کەسێکیش کە لێرە لەگەڵ ئەودا مایەوە تۆ بوویت. باوکت لەبارەی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانیەوە ئاگاداری ئەکردیت؟

کوڕ:

(لەسەر خوێندنەوەکەی بەردەوامە.) نەء! لە هیچ شتێکی وا، کە شایانی باس بێت، ئاگاداری نەکردووم.

دایک:

ئەی ئەتوانیت ئەوە لێک بدەیتەوە کە چۆن هیچی لە پاش بە جێ نەماوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە لەم ساڵانەی دواییدا دەستکەوتێکی زۆریشی هەبووە؟

کوڕ:

لەبارەی کاروبارەکانیەوە ئاگادار نیم. ئەوە نەبێت کە ئەم خانووە زۆر گران بووە، بێجگە لەوەی کە ئەساسەکانی ناو ماڵەکەیشی بەم دواییە کڕی...

دایک:

ئاوها! ئەی لەو بڕوایەدایت کە هیچ قەرزێکی لەسەر بێت؟

کوڕ:

نازانم! با... قەرزی لەسەر بوو، بەڵام هەر هەموو ی داونەتەوە.

دایک:

ئەی ئەو هەموو سەروەت و سامانەی چی لێهات؟ هیچ وەسێتێکی کردووە؟ ئەو ڕقی لە من ئەبۆوە و زۆرجاریش هەرەشەی ئەوەی لێ ئەکردم لە هەموو شتێک بێبەریم بکات. بە بڕوای تۆ، ئەگونجێت ئەوەی پاشەکەوتی کردووە لە جێیەکی وا داینابێت کەس پێی ڕانەگات، یان شاردبێتیەوە؟ (پشوو.) پێم وایە کەسێک بەرەو ئێرەوە بێت؟ گوێت لە هیچە؟

کوڕ:

نەء... لە هیچ...

دایک:

هەرچۆنێک بێت، من کەمێک پەرێشانم سەبارەت بە



ناشتنەکەی، ئەمە بێجگە لە کاروبارەکانی تریش... لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەزانیت کە خوشکەکەت و مێردەکەی ئەیانەوێت بگوێزنەوە بۆ ئێرە و لێرە بژین... لەبەرئەوە تا زووە خەمێکی خۆت بخۆ و بە دوای ژوورێکدا بگەڕێ!

کوڕ:

ئا... ئەزانم!

دایک:

لەوە ئەچێت تۆیش زاواکەتت خۆش نەوێت؟

کوڕ:

نەء. خۆشم ناوێت!

دایک:

بەڵام ئەو کوڕێکی باشە، بە دەستوبرد و کارامەیشە! هەقە خۆشت بووێت...

کوڕ:

ئەو منی خۆش ناوێت!... بێجگە لەوەیش لەگەڵ باوکمدا زۆر خراپ بوو...

دایک:

بەڵام، خەتای کێ بوو؟

کوڕ:

باوکم خراپ نەبوو...

دایک:

بەڕاست!

کوڕ:

پێم وایە، کەسێک بەرەو ئێرە بێت!

دایک:

ئاگرەکە بکەرەوە! بەڵام تەنیا چەند کۆتەرەیەک!

(کوڕ، چراکە دائەگیرسێنێت.) (پشوو.)

دایک:

ئەو وێنەیەی باوکت ئەوێت کە بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە؟

کوڕ:

بۆ!

دایک:

لەبەرئەوەی حەزم لەو وێنەیەی نییە... چاوەکانی زەق و دەرپۆقیون...

کوڕ:

بەڵام، من پێم وانییە!

دایک:

دە کەواتە لە دیوارەکەی بکەرەوە. تۆ کە پێت وانییە و ئەوەندەت لا بەنرخە، ئەتوانیت بیبەیت بۆ خۆت!

کوڕ:

(وێنەکە لە دیوارەکە ئەکاتەوە.) ئاوها! ئەتوا...نم بیبە...م بۆ... خۆم!

(پشوو.)

دایک:

من چاوەڕێی یاردا و مێردەکەیم، ئەتەوێت بیانبینیت؟



کوڕ:

نەء! هیچ گرنگ نییە... هەر ئەوەندەیش چەند کۆتەرەیەک بە دەست بهێنم تا ئاگری پێ بکەمەوە...

دایک:

لەوە زیاتر لە تواناماندا نەماوە پارەکانمان ئاگر بدەین.

کوڕ:

ئەمە هیچ سەیر نییە! چونکە بە درێژایی تەمەنمان لەمە زیاترمان بە گوێدا نەدراوە. "لەتواناماندا نییە پارەکانمان ئاگر بدەین!" ئەمە لەکاتێکدا کە لەتواناماندا بووە بە ئارەزووی خۆمان بە هەموو لایەکدا سەفەری هیچوپووچ و بێ مانا بکەین... یان لە دەرەوە ژەمی وا بخۆین کە زیاتر لە نرخی چەند باوەشێک کۆتەرەداری تێ ئەچوو، نرخی چەند باوەشێک کۆتەرەدار لەبریی یەک ژەم نانخواردن لە دەرەوە!

دایک:

دەمدرێژی مەکە!

کوڕ:

ڕاست ئەکەیت! هەموو شتێک، تائێستا، هەر بە نالەباری و چەوتی بەسەرماندا تێپەڕیوە، بەڵام هەر ئەوەندە ئۆقرە بگرە تا کاروبارەکان کۆتاییان پێ دێت و جێبەجێ ئەکرێن، ئەوسا...

دایک:

مەبەستت چییە؟

کوڕ:

مەبەستم لە جێبەجێکردن و بەئەنجامگەیاندنی ئەو

کـاروبارانەیە کـە پێوەندی بە دەرامـەت و قـەرزەکـانەوە هەیە و کاروباری تریش...

دایک:

کاروباری تریش؟ کامانە؟

کوڕ:

قەرز و ئەوانەی تریش کە هێشتا بە ئەنجام نەگەیەنراون...

دایک:

ئاوها!

کوڕ:

ئەرێ بەڕاست! ئەتوانیت پاڵتۆیەکم بۆ بکڕێت!

دایک:

چۆن ئەکرێت، لە ئێستادا، داوای شتی وا بکەیت! هەر هیچ نەبێت بیر لەوە بکەرەوە کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە خۆت خەرجی خۆت بکەیت...

کوڕ:

هەر ئەوەندە لە تاقیکردنەوە ببمەوە...

دایک:

تۆیش ئەتوانیت وەک هەر کەسێکی تر قەرز بکەیت...

کوڕ:

قەرز! ئەمجا کێ هەیە قەرز بدات بە من؟

دایک:

هاوڕێکانی باوکت!



کوڕ:

ئەو هاوڕێی نەبوو! کەسێکی وەک ئەو کە بە تەنیا متمانەی بە خۆی هەبوو، نەئەکرا هاوڕێی هەبێت. ئەمە لەکاتێکدا هاوڕێیەتی لەوە پێک دێت کە هەردوو لا پێکهێنەرەکەی ئەبێت جێی بڕوا بن لای یەکتر...

دایک:

ئاقڵیت! دیارە ئەمەیش هەر لە باوکتەوە فێر بوویت!

کوڕ:

بێگومان! هەرچەند ئەو هەندێک جار دەبەنگانە هەڵسوکەوتی ئەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی ئاقڵ بوو...

دایک:

جوانە! باشە... قەت بیرت لە ژنهێنان نەکردۆتەوە؟

کوڕ:

نەخێر!... ئەوە لەگەڵ مندا ناگونجێت. نە پێم ئەکرێت ببمە قەڵغانی پاراستنی ژنێکی بەنازونوک کە خۆی بە چاکترین دۆستم پێشان بدات، لەکاتێکدا کە خراپترین دوژمنمە و لەناخەوە هەڵمئەتەکێنێت... نە ئەکرێتیش دۆستایەتیی کەسێک بکەم کە جێی سەرنج و مایەی چاوبڕکێی کەسانی تر بێت. ژن! نا... بەقوربانە نا! ئەمیان لەگەڵ من ناگونجێت!

دایک:

هەر ئەمەمان کەم بوو؟ فەرموو بۆ ژوورەکەت، چونکە لەوە زیاتر بەرگە ناگرم! دڵنیام کە خواردویشتەتەوە! فەرموو!

کوڕ:

ناچارم، ئەبێت بخۆمەوە!... هەر نەبێت کەمێک... لە لایەک

لەبەر کۆکەکۆک و لە لایەکی تریش، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت
هەست بە تێری بکەم!

دایک:

دیسانەوە خواردن! بۆ ئەو خواردنانەی ئەیانخۆیت خراپن!
لێیان ناڕازیت!

کوڕ:

خراپ! نەء! خراپ نین! بەڵام ئەوەندە بێ تام و بۆن، تامی هەوا
نەبێت تامی هیچ شتێکی دیکە نادەن!

دایک:

(بەواقوڕمانەوە.) بەرۆکمان بەردە! بڕۆ!

کوڕ:

یان ئەوەندە پڕ لە خوێ و بەهاراتن کە پیاو لەبریی تێربوون
برسی ئەبێت، هەر لەوە ئەچێت هەوای بەهارات پێوەکراو بێت
و هیچی تر...

دایک:

سەرخۆشیت. بڕۆ بە ڕێی خۆتەوە.

کوڕ:

ئەڕۆم! بەڵام ئەمویست شتێکی تریش... بەڵام گرنگ نییە...
نا... (ئەڕوات.)

(دایک دوودڵە و دێت و ئەچێت... چەکمەجەکانی مێزەکە
ڕائەکێشێت و دایانئەخاتەوە...)

(زاوا بەپەلە دێتە ژوورەوە.)



دایک:

(بەگەرمییەوە سڵاوی لێ ئەکات.) ئەوە تۆیت! چەندم بیر
ئەکردیت! هەر خۆتیت؟ ئەی یاردا کوا؟

زاوا:

نەختێکی تر ئەویش دێتەوە! تۆ چۆنیت؟

دایک:

تۆ دانیشە! بهێڵە لەپێشدا من لێت بپرسم، چونکە هەر لە دوای
شاییەکەتانەوە، ئیتر یەکترمان نەبینیوەتەوە... بۆ وا زوو
گەڕانەوە!؟ خۆ بڕیار وا بوو زۆرتر بمێننەوە. هێشتا نیوەی
ماوەکە تێپەڕ نەبووە و کەچی...

زاوا:

ئاخر زۆر درێژەی کێشا! ئێ خۆیشت ئەزانیت، کە هیچ نەما
لەبارەیەوە بدوێیت، هەستکردن بە تەنیایی بێزارت ئەکات...
ئەمە بێجگە لەوەی ئەوەندە هۆگری تۆین، کە بیرمان ئەکردیت و
نەئەکرا لەوە زیاتر درێژە بە مانەوەکەمان بدەین.

دایک:

بەڕاست؟! ئێمە هەر وا بووین، هەر سێکمان ئەوەندە هۆگری
یەکتری بووین، توانیمان بەر بە هەموو ئەو ڕەشەبایانە بگرین
کە بە ڕووماندا هەڵیانئەکرد... لەو بڕوایەشدام هەمیشە بۆ
ئێوە بەکەڵک بووم...

زاوا:

یاردا، مناڵ و ساویلکەیە و لە هونەری ژیان تێناگات. زۆر

پێشبینی ئەکات و کەمێکیش کەللەڕەقە، هەندێ کاتیش زۆر دەمارگیرە...

دایک:

ئێ، ئەی ڕات لەسەر شاییەکەتان چۆن بوو؟

زاوا:

چاک بوو! خراپ نەبوو... ئەی تۆ! بەیتەکانت بەلاوە چۆن بوو؟

دایک:

مەبەستت لەو بەیتانەیە کە بۆ منت نووسیبوو؟ لەڕاستیدا قەت خەسوویەک لە زەماوەندی کچەکەیدا بەیتی وای بۆ نەوتراوە... ئەوەت لە بیرە... ئەوەی سەبارەت بە کەڵک ئەگێڕڕێتەوە... ئەو ماسیگرەیەی کە خوێنی خۆی بە بەچکەکانی ئەبەخشێت... ئەزانیت... چەند گریام...

زاوا:

سەرەتا، ڕاست ئەکەیت. بەڵام دوایی، بەبێ وەستان هەر سەمات ئەکرد... چ سەمایەک... تەنانەت یاردایش دڵی لێ پیس کردبوویت...

دایک:

ئۆوو! ئەوە یەکەم جاری نەبوو! ئەو پێی وا بوو کە ئەبووایە بە جلە ڕەشەکانمەوە، بە جلی پرسەوە، بهاتمایە بۆ شاییەکەی... بەڵام من هیچ گرنگییەکم بەوە نەدابوو... ئێ، خۆ ناکرێتیش تاهەتایە هەر ملکەچی ڕا و فەرمانی مناڵەکانم بم؟

زاوا:

چاکت کرد کە هیچ گرنگییەکت بە ڕاکانی یاردا نەدابوو، یاردا



ساویلکەیە و هەندێ جار شێتە، خۆ هەر ئەوەندە سەیری کچێک، ژنێک، بکەم ئیتر...

دایک:

چی؟ بۆ بەختەوەر نین پێکەوە؟

زاوا:

بەختەوەر؟ بۆ بەختەوەری هەیە؟

دایک:

ئاوها! کەواتە هەر وا زوو لەگەڵ یەکتر تێکچوون؟

زاوا:

هەر وا زوو! خۆ ئێمە کاتێکیش کە لە یەکتر مارە کرابووین، بێجگە لە بەیەکداهەڵشاخان، شتێکی ترمان نەئەکرد... ئێستایش، ئیتر هەر لەبەرئەوە کە بڕیار دراوە لە کاتی خزمەتکردن و نمایشی سوپادا نەبێت، نابێت جلە سوپاییەکانم لە بەر بکەم... سەیرە! بەڵام هەست ئەکەم کەمتر لە جاران گوێم پێ ئەدات و بە دەنگمەوە دێت...

دایک:

باشە... بەڕاستی بۆ جلە سوپاییەکانت لە بەردا نییە؟ ئەگەر ڕاستت ئەوێت بەبێ ئەو جلوبەرگانە کەسێکی تری و هیچ لە خۆت ناچیت!

زاوا:

ڕاستییەکەی ئیتر بۆم نییە ئەو جلانە لە بەر بکەم، تەنیا لە کاتی خزمەتکردن و نمایشی سوپاییدا نەبێت...

دایک:

بۆت نییە؟

زاوا:

نەء، بۆم نییە! ئەمە فەرمانێکە و ئەبێت جێبەجێ بکرێت...

دایک:

بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەمە بۆ یاردا ناخۆشە، چونکە ئەو شووی بە سوپاییەک کردووە، نەک دەفتەردارێک...

زاوا:

ئەمجا چار چییە! ئەتوانرێت چی بکرێت! ناچارین، هەر چۆنێک بێت، ئەبێت بژین. ئا! سەبارەت بە ژیان!... بیرم کەوتەوە... کاروبارەکان چۆن بەڕێوە ئەچن؟

دایک:

بێ درۆ، هیچ لە چۆنێتیی بەڕێوەچوونیان نازانم، بەڵام لە هەموو شتێک بەگومانم... بەتایبەت لە فرێدریک...

زاوا:

بۆ!؟

دایک:

لەبەرئەوەی ئەم ئێوارەیە زۆر سەیر قسەی ئەکرد...

زاوا:

ئەو بێ ئەقڵە!

دایک:

لەوە ئەچێت شتێکیان لەژێر سەردا بێت. لەگەڵ ئەوەیشدا... دڵنیا نیم ئاخۆ هیچ وەسێتێک، یان هیچ پاشەکەوتێک، لێرە هەیە یان نا...



زاوا:

گەڕاویت؟

دایک:

ئا! هەموو چەکمەجەکانی...

زاوا:

هی کوڕەکەت؟؟

دایک:

بێگومان... تەنانەت تەنەکەی خۆڵەکەیشی ئەگەڕێم، چونکە هەر خەریکی دڕاندنی ئەو نامانەیە کە ئەیاننووسێت...

زاوا:

ئەمانە هیچ نین، بەڵام ئاخۆ بۆفیەکەت چاک پشکنیوە؟ ئەوەی باوکیان بە کاری ئەهێنا؟

دایک:

ئا، بێگومان...

زاوا:

بەڕاست! هەموو چەکمەجەکان؟

دایک:

هەموویان.

زاوا:

بەڵام لە هەموو بۆفیەیەکدا چەکمەجەی نهێنی و نادیار هەیە...

دایک:

ئەوەم بە بیردا نەهاتووە...

زاوا:

ده کەواتە ئەبێت دەست بە گەڕان بکەینەوە...

دایک:

نا... دەستیان لێ مەدە، چونکە هەموویان لە لایەن ئەو لیژنەیەوە کە سەرپەرشتیی کاروبارەکانی مردووەکە ئەکات مۆرکراون... دەستیان لێ مەدە!

زاوا:

کەواتە ئەبێت ڕێیەکی تر هەبێت!

دایک:

نا، هیچ ڕێیەکی تر نییە!

زاوا:

با هەیە! ئەکرێت لەپشتەوە بیکەینەوە، چونکە هەموو ئەو چەکمەجانەی کە شتیان تێدا هەڵئەگیرێت، ئەکەونە بەشی پشتەوە...

دایک:

بەڵام بۆ کردنەوەی پێویستمان بە ئەدەوات هەیە...

زاوا:

نا... بێ ئەدەواتیش هەر ئەکرێت...

دایک:

باشە! بەڵام یاردا... بە هیچ جۆرێک... نابێت... لەم کارە ئاگادار بکرێت...

زاوا:

بێگومان نابێت... چونکە هەر ئاگادار بوو ئیتر براکەیشی تێئەگەیەنێت...



دایک:

(دەرگاکان دائەخات.) هەر بۆ دڵنیایی و هیچ تر.

زاوا:

(لەپشتەوە دەست بە پشکنینی بۆفیەکە ئەکات.) سەیرە! لەوە ئەچێت، بەر لە ئێمە، کەسێکی تر پشتەوەی ترازاندبێت... ئەوەتا بەتەواوی دەستمی پێدا ڕەت ئەبێت...

دایک:

ئەوە ئیشی کوڕەکەمە. چاوت لێیە... بێ هۆ نەبوو کە لێی بە گومان بووم. پەلەکە! یەکێک بەرەو ئێرە دێت...

زاوا:

ئەوەتا...

دایک:

پەلەکە! گوێم لە دەنگی پێیە...

زاوا:

ئەوەتا... ئەوە کاغەزێکە...

دایک:

بێنە... پەلەکە! ئەوە یاردایە...

زاوا:

(کاغەزەکە ئەدات بە دایکەکە و ئەویش ئەیشارێتەوە.)

سەیرکە... چاک بیشارەوە!

(سەرەتا بەهێواشی و پاشان توندتر لە دەرگا ئەدرێت.)

زاوا:

نەئەبوو دەرگاکانت دابخستایە. تازە... هیچ ناکرێت و هەموو

شتێکیش ئاشکرا ئەبێت...

دایک:

بێ دەنگ بە!

زاوا:

زۆر دەبەنگیت! بیکەرەوە... ئەگەرنا من ئەیکەمەوە... لاچۆ... (دەرگاکە ئەکاتەوە.)

یاردا:

(دێتە ژوورەوە. ماتە.) بۆ دەرگاکەتان لەسەر خۆتان داخستبوو؟

دایک:

نابێت لەپێشدا سڵاو بکەیت، ڕۆڵە! هەر نەبێت لە شاییەکەتەوە نەمبینیویت... سەفەرەکەتان چۆن بوو... خۆشتان ڕابوارد... بۆمان بگێڕەرەوە... لەبری ئەوەی ئاوها سەروسەکوت بدەیت بە یەکدا...

یاردا:

(لەسەر کورسییەک دائەنیشێت. ماتە.) بۆ دەرگاکەتان پێوەدابوو؟

دایک:

لەبەرئەوەی هەر ئەوەندە کەسێک لەوێوە تێپەڕ بێت، ئیتر دەرگاکە وا ئەکرێتەوە و دائەخرێتەوە هەر مەپرسە. ئێ منیش تەواو ماندووم بە دەست بۆڵەبۆڵ و شاتەشاتەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە لەتاو هاتوچۆ ئۆقرەیان لەبەر هەڵگیراوە... ئێستایش چاکتر وایە بیر لە ئەساسەکانی ئێوە بکەینەوە،



چونکە ئیتر ئێوە ئەگوێزنەوە ئێرە و لێرە ئەژین!

یاردا:

ناچارین... هەرچەندە ئەمە بۆ من هیچ گرنگییەکی نییە. ئەی ئەکسل پێی چۆنە؟ ئەو چی ئەڵێت؟

زاوا:

بۆ ئێمە... ئێرە خراپ نییە. بۆ دایکیشت هەروەها. لەکاتێکدا هەموومان ئەوەندە پێکەوە ئەگونجێین ئیتر...

یاردا:

کەواتە دایکم لە کوێ ئەبێت؟

دایک:

لێرە، ڕۆڵە... هەر ئەوەندە پێویستە جێگای نووستنەکەم بهێنرێتە ئێرە...

زاوا:

ئەتەوێت جێگای نووستنەکەت بهێنرێتە ساڵۆنەکە...؟

یاردا:

(کە گوێی لەمە ئەبێت، ڕائەچڵەکێت.) لەگەڵ منتە؟

زاوا:

نا... لەگەڵ دایکتمە... بەڵام هەر چۆنێک بێت هەر لەبارە... ئێمەیش ئیتر پێویستە یارمەتیی یەکتر بدەین و بەوەیش کە دایکت ئەمانداتێ بژین...

یاردا:

(ئەگەشێتەوە.) ئەوسا منیش، لە کاروباری ناوماڵەکەدا، کەمێک یارمەتی ئەدرێم.

دایک:

بێگومان! بەڵام هەر ئەوەندەیە کە نامەوێت قاپ بشۆم و هیچی تر!

یاردا:

چۆن ئەبێت وا بیر بکەیتەوە!... سەرباری ئەوەیش، بێگومان هەموو شتێک بەرێکوپێکی بەڕێوە ئەچێت. هەر پیاوەکەم لە دەست دەرنەهێنرێت ئیتر چی ئەبێت با ببێت... نابێت هیچ کەسێکیش وەک ئەو ژنانەی لە ئوتێلەکە بوون سەیری بکات، چونکە هەر ئەوەیش بوو، بووە هۆی تێکدانی سەفەرەکەمان... هەر کەسێکیش هەوڵی لێکدابڕانمان بدات، مردن نەبێت با چاوەڕێی هیچی تر نەکات... ئاشکرایە یان نا!

دایک:

با بڕۆین. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دەست بە ڕێکوپێککردن و گواستنەوەی ئەساسەکان بکەین...

زاوا:

(سەرنج لە دایکەکە ئەدات.) چاکە، بەڵام با یاردا لێرەوە دەست پێ بکات...

یاردا:

بۆۆۆ! هیچ پێم خۆش نییە بە تەنیا لێرە بمێنمەوە و هەرکاتێکیش کە بەتەواوی هەموو شتەکانمان گواستەوە... ئەوسا دڵم سووکنایی دێت...

زاوا:

لەبەرئەوەی ئێوە لە تاریکی ئەترسن، هەموو پێکەوە و لە یەک



جێگاوە دەست پێ ئەکەین.

(ئەڕۆنە دەرەوە.)

(سەرشانۆکە چۆڵە، لە دەرەوە گڤەی با دێت، گڤەی بایەکە لە پەنجەرەکان و کونی ئاگردانەکەوە ئەبیسترێت. دەرگای بەشی دواوەی شانۆکە بەیەکدا دێت، دائەخرێت و ئەکرێتەوە. ئەو کاغەزانەی لەسەر مێزەکەن لەگەڵ بەیەکدادانی دەرگاکەدا، بە ژوورەکەدا، بڵاو ئەبنەوە. ئینجانەیەک لەسەر ڕەفەیەک کە بە یەکێک لە دیوارەکانەوە هەڵواسراوە ئەکەوێتە جووڵە. وێنەیەک بەر ئەبێتەوە. هەر دوای ئەوە دەنگی فرێدریک ئەبیسترێت: "دایە..." (پاشان...) "پەنجەرەکە پێوەدە!" (پشوو... لانکە کورسییەکە ئەکەوێتە جووڵە.)

دایک:

(دێتە ژوورەوە. تووڕەیە. کاغەزێکی بە دەستەوەیە و ئەیخوێنێتەوە.) ئەمە چییە؟ سەیرکە! کورسییەکە... چۆن ئەجووڵێتەوە...

زاوا:

(بەدوایدا.) ئەوە چی بوو؟ ئەی ئەوە چییە بە دەستتەوە؟ ئەتوانم بیخوێنمەوە؟ وەسێتەکەیەتی؟

دایک:

دەرگاکە پێوەیە! خەریکە با ئەمبات... ئەبێت پەنجەرەیەک بکەمەوە... بەرگەی ئەم بۆنە ناگرم... ئەمەیش نە وەسێتنامەیە و نە هیچ، بەڵکو نامەیەکە لە باوکیانەوە بۆ کوڕەکەی، کە تێیدا بە خراپە باسی من و... تۆیش ئەکات. بە درۆمان ئەخاتەوە!

زاوا:

ئەتوانم بیخوێنمەوە؟

دایک:

نا... نا... خوێندنەوەی بێتاقەتت ئەکات... چاکتر وایە بیدڕێنم... چ بەختەوەرییەکە کە بەر دەستی فرێدریک نەکەوتووە... (نامەکە ئەدڕێنێت و فڕێی ئەداتە نێو ئاگردانەکەوە.) سەیرە!... هێشتا هەر نەمردووە و لە گۆڕەکەیەوە ڕاست ئەبێتەوە... بە هیچ جۆرێک ناتوانم لێرە بژیم. ئەوەتا بۆ کوڕەکەی نووسیوە کە گوایا من کوشتوومە، لەکاتێکدا کە من شتی وام نەکردووە. ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو بە دڵەکوتێ مرد... بێجگە لەمانەیش شتی تری وای تێدایە کە هەر هەموو ی درۆ و هەڵبەستن! نووسیویەتی کە گوایا من بوومە هۆی وێرانکردن و کاولکردنی ژیانی... گوێ بگرە ئەکسل... تا زووە هەوڵ بدە لێرە دەرباز بین و بگوێزینەوە... سەیرکە... سەیری کورسییەکە بکە، ئێستایش هەر ئەجووڵێتەوە.

زاوا:

هیچ نییە! بایەکەیە...

دایک:

بەڵام، بەڵێنم پێ بدە کە ئەبێت هەرچۆنێک بووە لێرە نەمێنین و بگوێزینەوە. چیتر بەرگە ناگرم.

زاوا:

شتی وا نابێت... من لەو بڕوایەدا بووم کە میراتێک ئەمێنێتەوە. هەموو هەر لەو بڕوایەدا بووین، دەنا هەرگیز



یاردام نەئەهێنا. ئێستایش، کە کار لە کار ترازاوە، ئەبێت هەرچۆنێک بووە، بێ کەم و زیاد، بەرگەی بگرین... کە منیش زاوایەکی هەڵخەڵەتێنراو و ماڵوێرانکراوم و هیچی تر. بۆ ئەوەیش بتوانین بەردەوامیی بەم ژیانە بدەین، ئەبێت دەست بدەینە دەستی یەکتر و یارمەتیی یەکتر بدەین. ئەبێت هەوڵ بدەین لە خۆمانی بگرینەوە و پاشەکەوت بکەین. تۆیش ئەبێت لەوەدا یارمەتیمان بدەیت.

دایک:

مەبەستت لەوەیە لە ماڵەکەی خۆمدا بمکەیت بە کارەکەر. شتی وا نەبووە و نابێت.

زاوا:

پێویستی ناچارمان ئەکات.

دایک:

ناپەسەند!

زاوا:

شەرم بتگرێ پیرێژن.

دایک:

ببم بە کارەکەر! کارەکەری تۆ!

زاوا:

هەر هیچ نەبێت ئەوسا هەست بەوە ئەکەیت کە کارەکەرەکانی ماڵەکەت چۆن برسییان ئەبوو، چۆنیش لەسەرماندا هەڵئەلەرزین. بەس نییە تۆ ناچار نابیت نە برسی بیت و نە لەسەرماندا هەڵلەرزیت.

دایک:

بەڵام من ساڵانە ئەوەندەم بۆ براوەتەوە کە تا سەر بەشم بکات، لەبەرئەوە هیچ پێویستم بەو کارە نییە...

زاوا:

وا نییە... ئەوە بەشی بەکرێگرتنی هەورەبانێکیش ناکات... بەڵام ئەگەر قڕوقەپی لێ بکەیت و بێدەنگ بیت، هەر نەبێت بەشی کرێی مانگانەکەی ئێرە ئەکات. بێدەنگیش نەبیت، ئێرە بە جێ ئەهێڵم و ئیتر...

دایک:

یاردا بە جێ ئەهێڵیت نەک من! ئەمەیش کارێکی ئاساییە بۆ تۆ، چونکە قەت یاردات خۆش نەویستووە...

زاوا:

تۆ لە من چاکتر هەست بەمە ئەکەیت. هەر تۆیش بوویت، بوویت بە هۆی لەبیرچوونەوە و لەبیرکردنی... لەوە زیاتر کە لەگەڵمدا ئەنوێت، لە هیچ شتێکی تردا لەگەڵمدا نییە... ئەمە بێجگە لەوەی کە دڵنیام، ئەگەر مناڵیش بکەوێتە نێوانمانەوە هەر تۆ لێی داگیر ئەکەیت... ئەو هێشتا لە هیچ شتێک بە ئاگا نییە، بەڵام خەریکە بە ئاگا دێتەوە و لە هەموو شتێک تێ ئەگات. هەر ئەوەندەیش ئەو خەوە قورسە بەری بدات و چاوەکانی بکرێنەوە، ئەوسا هەش بە سەرت!

دایک:

ئەکسل! نابێت وا بیت... ئەبێت لەمەوبەر چۆن پێکەوە بووین و یارمەتیی یەکترمان داوە، هەروا بمێنینەوە. چونکە چیتر بەرگەی تەنیایی ناگرم، بە هەموو شتێکیش ڕازیم، تەنیا ئەوە



نەبێت کە ناچار بکرێم قەنەفەکە بکەم بە جێگای نووستن...

زاوا:

تێئەگەم... بەڵام نامەوێت بەوەی کە ئێرەت بۆ بکەمە ژووری نووستن هەموو ماڵەکە تێک بدەم... تێئەگەیت!؟

دایک:

بەڵام... باشە قەنەفەکە نا، جێیەکی تر...

زاوا:

نابێت! لەتوانامانداا نییە... بێجگە لەوەی کە ئێرە هەر زۆر لایەق بە خۆتە!

دایک:

ئۆهۆ!... هەر لەو تەختە خوێناوییە ئەچێت کە قەساب گۆشتی لەسەر ئەجنێت...

زاوا:

هەر ئەوەیە... پێی نارازیت، ئەوە هەورەبانەکە و تەنیایی و خۆخواردنەوە و سکهەڵگوشین...

دایک:

ئەگەر وایە، ناچارم!

زاوا:

چاک ئەکەیت...

(پشوو.)

دایک:

بەڵام بیر بکەرەوە! ئەو پێی وایە کە من لەناوم بردووە نەک خۆی مردبێت. هەر ئەوەیشی لە نامەکەیدا بۆ فریدریک نووسیوە...

زاوا:

ڕێگە زۆرن بۆ لەناوبردن... ڕێگاکـــــەی تۆیش ئەوەندە بە کارامەیی هەڵبژێردراوە، ئەوەندە چاک و سەرکەوتوو بووە کە هیچ یاسایەکی تۆڵەسەندنەوە نایگرێتەوە...

دایک:

ڕێگاکەمان، نەک ڕێگاکەم! چونکە تۆیش لە هەڵبژاردن و بەئەنجامگەیاندنی ئەو ڕێگایەدا یارمەتیدەر بوویت، بەوەی کە ئەوت وا سەرشێت کردبوو، وا سەرسووڕهێنەرانە هەڵسوکەوتت ئەکرد کە...

زاوا:

تاوانی خۆی بوو... ئەو بەردەوام لەمپەرێک بوو و نەیئەویست بەری ڕێگاکەمان بۆ چۆڵ ببێت، هەربۆیە ناچار بووم بە پاڵ بەری ڕێگاکەی پێ چۆڵ بکەم و...

دایک:

ڕاستە، بەڵام ئەوەی لەئێستادا جێی سەرزەنشتییە بۆ تۆ، ئەوەیە کە ناچارت کردم ماڵەکەی بۆ بە جێ بهێڵم... ئەو ئێوارەیەیشم قەت لە بیر ناچێتەوە، یەکەم ئێوارە لە ماڵەکەی تۆدا، کە لەپاڵ مێزێکی بە خواردن ڕازاوەدا دانیشتبووین و هاوار هاوارمان لە باخچەکەوە ئەبیست و پێمان وا بوو کە لە باخچەکەوە نا، بەڵکو لە بەندیخانە یان لە شێتخانەوە دێن... لە بیرتە؟ ئەو هاوارانە دەنگی ئەو بوون کە تەنیا و لەژێر باران و بەناو تاریکییەکەدا ئەڕۆیشت... دەنگی کەسێک بوو کە بە دوای کۆچی ژن و مناڵەکانیدا وێڵ بوو...



زاوا:

بۆ ئەبێت لەئێستادا ئەوەم بە بیردا بهێنیتەوە؟ پاشان، چۆن ئەزانیت ئەو هاوارانە، هاواری ئەو بوون!

دایک:

چاک، چونکە لە نامەکەدا هەموو شتێک نووسرابوو!

زاوا:

ئێێ! ئەمجا ئەمە چ پێوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە؟ لەگەڵ ئەوەیشدا خۆ ئەو فریشتە نەبوو...

دایک:

نا فریشتە نەبوو! بەڵام هەر نەبێت، هەندێ کات، هەست و هۆشێکی مرۆڤانەی هەبوو، زۆر زیاتر لەوەی کە لە تۆدا بەدی ئەکرێت...

زاوا:

چییە... خەریکە با ئەدەیتەوە...

دایک:

ناڕەحەت مەبە! ئەبێت ئاشت بین و زیاتر لەسەر ئەو پێوەندییە توند بین کە لەئێستادا پێکەوەی بەستووین...

زاوا:

نەک ئەبێت! بەڵکو ناچارین، چونکە هیچ ڕێگایەکی تر لە بەردەمماندا نەماوە...

(قیژە و هاوار ئەبیسترێت.)

دایک:

گوێت لێیە!... ئەوە دیسانەوە دەنگی ئەوە...

زاوا:

(بە پەستییەوە.) ئەو! کێ!

(دایک، گوێ ئەگرێت.)

زاوا:

کێیە؟... کوڕەکەتە؟ دیسانەوە سەرخۆشە!

دایک:

بەڕاست فرێدریکە؟ بەڵام زۆر لە دەنگی ئەو ئەچوو... پێم وابوو کە... لەوە زیاتر بەرگە ناگرم... ئەم بۆ وا ئەکات!

زاوا:

بڕۆ بزانە... ئەو بێ قیمەتە... دیسانەوە سەرخۆشە...

دایک:

چۆن وا ئەڵێیت! هەر نەبێت کوڕمە!

زاوا:

بەهەرحاڵ... کوڕتە! (سەعاتەکەی لە گیرفانی دەرئەهێنێت.)

دایک:

لەوە ئەچێت پەلەت بێت! ناتەوێت بۆ ئێوارە بمێنیتەوە...

زاوا:

نەخێر... چونکە من نە چای ڕوون و نە ماسیی بۆگەن و... نە پەڵوولە... هیچیان ناخۆم... لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەبێت لە کۆبوونەوەیەکی گرنگدا ئامادە بم....

دایک:

کۆبوونەوەی چی!؟



زاوا

کۆبوونەوەیەک کە هیچ پێوەندییەکی بە تۆوە نییە!... چییە! لەوە ئەچێت بتەوێت وەکو خەسوویەک هەڵسوکەوت بکەیت!؟

دایک

سەیرە!... لەکاتێکدا یەکەم ئێوارەتە لەگەڵ ژنەکەتدا... دوای گواستنەوەی... ئەتەوێت بڕۆیت...

زاوا

ئەمەیشیان هیچ پێوەندییەکی بە تۆوە نییە!...

دایک

ئێستا هەست ئەکەم چی چاوەڕێی خۆم و مناڵەکانم ئەکات... ئێستا تێئەگەم... ئێستا خەریکە، هەموو شتێک، ڕوون ئەبێتەوە و دەرئەکەوێت.

زاوا

وایە... وایە... ئێستا تێئەگەیت!

(هەمان دیمەنی پێشوو... لە دەرەوە مۆسیقای GODARD; BERCENER UR JOCELYN لێ ئەدرێت. یاردا لەپاڵ مێزی نووسینەکەدا دانیشتووە.)

(پشوویەکی درێژ.)

کوڕ

(دێتە ژوورەوە.) تەنیایت!؟

یاردا

ئا... دایکم لە موبەقەکەیە...

کوڕ

ئەی ئەکسل؟

یاردا:

کۆبوونەوەی هەیە... دانیشە، با کەمێک قسە بکەین... هەست بە تەنیایی ئەکەم...

کوڕ:

(دائەنیشێت.) ڕاست ئەکەیت، منیش پێم وایە کە لەمەوبەر بۆمان نەلواوە... پێکەوە قسە بکەین... هەمیشە هەر لەیەکدابڕاو بووین و هەستمان بە سۆزی یەکتر نەکردووە...

یاردا:

چونکە تۆ بەردەوام هەر لایەنی باوکت و منیش لایەنی دایکمم ئەگرت...

کوڕ:

دە چاکە، لەوانەیە، وا نەمێنینەوە! تۆ باوکمت ئەناسی؟

یاردا:

پرسیارێکی سەیرە! بەڵام لەڕاستیدا ئەوم بە چاوی دایکم ئەبینی و هیچی تر...

کوڕ:

بەڵام هەستت بەوە ئەکرد کە ئەو چەندە هۆگری تۆ بوو... چەند خۆشی ئەویستیت!

یاردا:

ئا... بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا... بۆ ئەیویست ببێتە ڕێگر لە بەردەم بەیەکگەیشتنماندا!

کوڕ:

چونکە پێی وا بوو پیاوەکەت ئەو پاڵپشتە نەبوو تۆ پێویستت پێی بوو!



یاردا:

دە هەر بۆیە... ئەویش بە ئاکامی ئەو کارە نالەبارەی خۆی گەیشت... بەوەی کە دایکم پشتی تێ کرد و بە تەنیا جێی هێشت...

کوڕ:

پیاوەکەت نەبوو کە وای لێ کرد پشت لە باوکم بکات و بە جێی بهێڵێت؟

یاردا:

با! ئەویش بوو، منیش! باوکم ئەبوو بە هەر شێوەیەک بێت وای لێ بکرێت هەست بکات لێکجیابوونەوە چییە و چ کارێکی خراپی هەیە، ئەمە لە کاتێکدا هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو ڕێی بەیەکگەیشتنمان لێ بگرێت و لە یەکترمان بکات...

کوڕ:

هەر ئەم هەڵوێستەی ئێوەیش بوو کە بووە هۆی مردن و زووتر لەبەینچوونی... بەڵام بڕوات بێت کە ئەو تەنیا چاکەی تۆی ئەویست و هیچی تر!

یاردا:

بۆیە تۆیش لەگەڵ ئەودا مایتەوە و بە جێت نەهێشت... باشە... باوکم ئەو جیابوونەوەیەی پێ چۆن بوو؟ بە قورسی وەریگرتبوو... یان...

کوڕ:

ناتوانم لەو ئازارانە تێبگەم کە پێوەیان ئەتلایەوە...

یاردا:

ئەی بەرانبەر بەو هەڵوێستەی دایکم ڕای چی بوو؟

کوڕ:

هیچ!... لەگەڵ ئەوەیشدا ... پاش ئەو هەموو ڕووداوانەیش کە بەرەو ڕوومان بوونەوە... وام لێهاتووە کە بە هیچ جۆرێک بیر لە ژنهێنان نەکەمەوە... (پشوو.) یاردا ... بەختەوەریت؟

یاردا:

بێگومان! دیارە کاتێک ئەو پیاوەی ئەتەوێت پێی بگەیت، پێی ئەگەیت... بەختەوەریت.

کوڕ:

ئەی کەواتە، بۆ تەنانەت لەم ئێوارەیەشدا، کە یەکەم ئێوارەی پێکەوەبوونتانە، بە جێی هێشتوویت؟

یاردا:

لەبەرئەوەی کاروباری هەیە... کۆبوونەوەی هەیە...

کوڕ:

کاروبار؟ کۆبوونەوە؟ لە چێشتخانەکە؟

یاردا:

چییی؟ بۆ تۆیش ئەوە ئەزانیت؟

کوڕ:

لەو بڕوایەدا بووم... بێئاگا نەبیت؟

یاردا:

(سەری ئەنێتە نێو دەستەکانیەوە و ئەگری...) ئۆف... خوایە... ئۆف...

کوڕ:

داوای لێبووردن ئەکەم ئەگەر بووبێتمە مایەی ئازاردانت...



یاردا:

هەر ئازاردان... وا خەریکە ئەکەومە گیانەڵا و لە بێزاریدا ئەمرم...

کوڕ:

ئەی بۆ لەوە زیاتر نەمانەوە؟ بۆ سەفەرەکەتان وا کەمخایەن بوو؟

یاردا:

چونکە بە درێژایی سەفەرەکە بەرانبەر بە چۆنێتیی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی دوودڵ بوو. ئەمە بێجگە لەوەی کە هەر بە ئاواتی بەیەکگەیشتنەوەیەکی تر بوو لەگەڵ دایکمدا... چونکە وای لێهاتووە... بێ ئەو... هەڵناکات...

(لە یەکتر ورد ئەبنەوە.)

کوڕ:

بەڕاست! (پشوو.) ئەی وەکو تر... چۆنتان بردە سەر... خۆش بوو؟

یاردا:

ئا...

کوڕ:

بەستەزمان!

یاردا:

چییی؟!

کوڕ:

ئا، تۆیش ئەزانیت دایکم زۆر حەزی لە خۆتێهەڵقورتاندنە و لە

بەکارهێنانی تەلەفۆنیشدا ئەوەندە کارامەیە کەس لینگەی نییە...

یاردا:

چییی! ناشێت خۆی لە کاروباری ئێمەیش هەڵقورتاندبێت... بێ ئەوەی پێ بزانین!

کوڕ:

بۆ لە خۆتێهەڵقورتاندن زیاتر شتێکی تری کردووە... هیچ دووریش نییە، ئێستا لە پەنای یەکێک لە دەرگاکاندا خۆی مەڵاس دابێت و گوێی بۆ ئەم گفتوگۆیەمان ڕاگرتبێت...

یاردا:

تۆ هەر وا بوویت، هەمیشە هەر بە خراپی بیرت لە دایکمان کردۆتەوە...

کوڕ:

تۆیش هەر بە چاکی، وا نییە؟ ئەبێت ئەمە پێوەندی بە چییەوە هەبێت؟ لەکاتێکدا کە چاک ئەزانیت، ئەو چ مرۆڤێکە...

یاردا:

نا... لە هیچ شتێک تێناگەم و بێ ئاگام... نایشمەوێت بە ئاگا بهێنرێمەوە...

کوڕ:

نا... وا نییە! بەئاگایت... بەڵام قەت نەتویستووە تێبگەیت! تێنەگەیشتن بۆ تۆ چاکتر بووە نەک...

یاردا:

بێدەنگ بە! دڵنیام لەوەی لە خەوێکی قورسدام، بەڵام بە هیچ



جۆرێک نامەوێت بە خەبەر بهێنرێمەوە... چونکە ئەوسا ناتوانم... لەوە زیاتر بژیم...

کوڕ:

پێت وا نەبێت کە ئەو خەوە قورسە تەنیا تۆی داگرتووە... بەڵکو ئەو خەوە هەموومانی داگرتووە... تۆ ئەزانیت... کە من بە خوێندنی یاساوە خەریکم، بەتایبەتی ئەو یاسایانەی کە پێوەندن بە لێکۆڵینەوەی مافەکانەوە... زۆر چاکە... من لە بارەی ئەو تاوانبارانەوە ئەخوێنم کە ناتوانن هۆی ئەوە لێک بدەنەوە... کە بۆ بە تاوانێک هەڵئەستن... ئەو تاوانبارانەی کە بڕوایان وایە لە بەجێگەیاندنی تاوانەکانیاندا ڕاست و دروست مامڵەیان کردووە... تا ئەوکاتەی لە هۆ بنەڕەتییەکانی تاوانەکانیان ئاگادار ئەکرێن و بە ئاگا دێنەوە... ئەی ئەمە چۆن تێئەگەیت!؟ لەو بڕوایەدا نیت کە ئەمەیش جۆرێک بێت لە خەوبینین!؟

یاردا:

لێم گەڕێ... بەڵام هێشتا بۆ ئەو کاتە زۆری ماوە کە پێویستە تێیدا بە ئاگا بێمەوە... ئاخ! لەو هەموو شتانەی کە لێیان بێ ئاگام و گومانیان لێ ئەکەم! دێتەوە یادت کە مناڵ بووین... خەڵکی چۆن بە خراپە ناوی ئەو کەسانەیان ئەبرد کە بە ڕاستی و بێ گرێ و گۆڵ ڕووداوەکانیان ئەگێڕایەوە... دێتەوە بیرت... هەر لەبەرئەوەی نەمئەتوانی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا درۆ بکەم، چۆن بە خراپە ناویان ئەبردم. کاتێکیش کە فێری بێدەنگی بووم و قڕوقەپم لێ کرد... ئیتر ئەوسا... بووم بە جێی ڕێز و خۆشەویستیی خەڵک و فێری ئەوە بووم، ئەوە بگێڕمەوە

که مەبەستم نەبوو... هەر پاش ئەوەیش هەموو دەرگاکانی ژیان سووک و ئاسان بە ڕوومدا کرانەوە...

کوڕ:

ڕاست ئەکەیت. پیاو ئەبێت هەندێ جار لە کەموکورتی و هەڵەی ئەوانی تر چاوپۆشی بکات، بەڵام بێجگە لە چاوپۆشین هەر هەنگاوێکی تر... هیچ نییە لە خۆدزینەوە و بۆپۆشین زیاتر... دیارە ئاسانیش نییە کە بزانیت چۆن پێویستە وا مامڵە بکەیت... هەندێ جاریش ڕاستدەربڕین ئەرکێکی پێویستە دەنا...

یاردا:

بێدەنگ بە!

کوڕ:

باشە...

(پشوو.)

یاردا:

نا... نا... بێدەنگ مەبە، بەڵام چاکتر وایە لەو بارەیەوە نەدوێین!... پێیشت وا نەبێت کە لەو بێدەنگییەت تێناگەم... کاتێک خەڵک بە یەکتر ئەگەن، لە قسە بۆ یەکترکردن زیاتر شتێکی تر ناکەن... هەر لەبەرئەوەی لە یەکتر بشارنەوە کە بیر لە چی ئەکەنەوە... لەبەرئەوەی لە بیری خۆیان ببەنەوە، یان خۆیان لەوە کەڕ بکەن کە چۆن بیر ئەکەنەوە. هەرکەسە و ئەیەوێت لەبارەی خەڵکی ترەوە ببیستێت، بەڵام ئەوەی لە دڵی خۆیایەتی، تا ئەتوانێت، لە خەڵکی بشارێتەوە...



کوڕ:

بەستەزمان!

یاردا:

ئەزانیت... گەورەترین ئازار کامەیە؟ (پشوو.) ئەوەیە کە بێ مانایی و بێ ناوەڕۆکیی بەختەوەری ببینیت؟

کوڕ:

ئەوەتا! تەنانەت تۆیش لەوە زیاتر ناتوانیت بێ دەنگ بیت.

یاردا:

سەرمامە... ئاگر بکەرەوە.

کوڕ:

تۆیش سەرماتە!؟

یاردا:

هەموو کات هەر سەرمام بووە... هەر برسی بووم...

کوڕ:

تۆیش! ئەم ماڵە چاکی لێ قەوماوە! بەڵام ئەگەر ئاگر بکەمەوە ئەبێت چاوەڕوانی بۆڵەبۆڵ و چەقەچەقێکی لەبڕانەوەنەهاتوو بین!

یاردا:

پێویست ناکات داری تر بهێنین... لەوانەیە چەند کۆتەرەیەک لە ئاگردانەکەدا هەبن... چونکە دایکم هەر وایکردووە... بۆ ئەوەی گاڵتەمان پێ بکات...

کوڕ:

(بەرەو ئاگردانەکە ئەڕوات، دەرگاکەی ئەکاتەوە.) ڕاست

ئەکەیت... ئەوەتا چەند چیلکەیەکی تێدایە... (پشوو.) ئەوەیش
کاغەزێکی دڕێنراوە... بۆ ئاگرکردنەوەکەیش چاکە...

یاردا:

فرێدریک!... قەیناکا ئاگر مەکەرەوە... چونکە بۆڵەبۆڵێکی وا
سەرلەبەری ئەم ماڵە ئەگرێتەوە کە قەت لە بڕانەوە نایەت...
وەرە دانیشە... تا کەمێکی تریش قسە بکەین.
(کوڕ دائەنیشێت. نامەکە لەسەر مێزەکەی تەنیشتی دائەنێت.)
(پشوو.)

یاردا:

ئەزانیت، باوکم بۆ ئەوەندە ڕقی لە مێردەکەم بوو؟

کوڕ:

چونکە بووە هۆی دوورکەوتنەوەی کچ و ژنەکەی لێی و بە تەنیا
مانەوەی. هاوکاتیش، چاک هەستی بەوە ئەکرد کە چۆن
کەسێکی تر جێیەکەی ئەوی گرتۆتەوە و لەبریی ئەو چاکترین
خواردەمەنی بۆ ئامادە ئەکرێت... ئێوە سووک و ئاسان ئەوتان
لە بیر کرد و ساڵۆنەکەتان کردە جێگای مۆسیقالێدان و
خوێندنەوە و ڕابواردن و هیچ هەست و سۆزێکتان بەرانبەر بەو
تەنیاییـیە نەئەجوولا کە ئەو بە دەستیەوە ئەتلایەوە... بەو
کارەیشتان... باوکمتان هەر لە ماڵەکەی خۆیدا هەڵلووشی و تا
ئەهات ماڵەکەتان لێ تەنگتر ئەکردەوە... هەربۆیە، بەم دواییە
بۆ دەربازبوون لەو بارەی تێی کەوتبوو... پەنای ئەبردە بەر
مەیخانەکان...



یاردا:

بیرمان لەوە نەکردبووەوە کە بە چ کارێک هەڵئەستاین... باوکە
بەستەزمانەکەم!... چ بەختەوەرییەکە دایک و باوکێکی وات
هەبن کە ناو و ناوبانگیان بە چاک دەرکردبێت... دوا
بەیادهێنانەوەت لە بیرە، کە بە بۆنەی یەکەم جاری
بەیەکگەیشتنیانەوە ئاهەنگیان گێڕا... یادی بیست و پێنج
ساڵەی بەیەکگەیشتنیان... بیرتە... چەندە پێیاندا هەڵدان و
چەندیان ڕێز لێ گیرا...

کوڕ:

بیرمە... بەڵام ئەوسایش هەر پێم وابوو کە ئەوە تەنیا هەوڵێکی
سەرنەگرتوو بوو بۆ پیاهەڵدان و ستایشکردنی پێوەندییەک کە
هیچ مانایەکی ئینسانی تێدا نەمابوو...

یاردا:

فرێدریک!

کوڕ:

جا چی ئەکرێت... بەڵام خۆ لە بیرتە کە چ ژیانێک ئەژیان...
سەگوەڕێک بوو بۆ خۆی... ئەی لە بیرتە کاتێک دایکم، لە
بێزاریدا، ئەیویست لە یەکێک لە پەنجەرەکانەوە خۆی فڕێ
بداتە خوارەوە!

یاردا:

بێدەنگ بە!

کوڕ:

بێ هۆ نەبوو، هۆیەک کە ئێمە هەستمان پێ نەئەکرد...

کاتێکیش کە لە یەکتر جیابوونەوە، زۆر دڵنەوایی باوکمم ئەکرد تا ئازاری ئەو لێکجیابوونەوەیەی لە بیر ببەمەوە... بەڵام ئەو... بەردەوام ئەیویست شتێک بدرکێنێت، بەڵام هەر ئەوەندە دەمی ئەکردەوە... ئیتر لە توانایدا نەئەما... هەندێ جار خەوی پێوە ئەبینم...

یاردا:

منیش هەروەها! کاتی خەوبینینیش، هێشتا هەر لە هەرەتی گەنجیدایە... زۆر بەبەزەیی و پڕمانا تێم ئەڕوانێت، بەڵام تێناگەم چی ئەوێت... هەندێک جار دایکیشمی لەگەڵدایە و پێوەی دیارە کە هیچ لێی تووڕە نییە... چونکە سەرباری هەرچییەک کە لەم دواییەدا لەنێوانیاندا ڕووی دا... خۆشەویستی تێدا بەدی ئەکرێت بۆی... لە بیرتە... باوکم چەند بە ڕێزەوە لە دوا یادی بەیەکگەیشتنەکەیاندا لەگەڵیدا ئەدوا و... چ ڕێزێکی بۆی هەبوو...

کوڕ:

سەرباری هەرچییەک! ئەمە زۆریش ئەگەیەنێت و کەمیش...

یاردا:

بەڵام بۆ ئێمە خۆش بوو! هەرچۆنێک بێت... دایکم بۆ ئەو بەسوود بوو... بەردەوامیش کاروبارەکانی ناوماڵەکەی بەڕێکوپێکی بە ئەنجام گەیاندبوو...

کوڕ:

ئەوەتا! ئەمە گرێی هەموو نهێنییەکانە!

یاردا:

چییی!



کوڕ:

گوێ بگرە!... ئێوەی ژنان، هەر ئەوەندە لەبارەی چۆنێتیی بەڕێوەبردنی کاروباری خێزانی و ماڵدارییەوە لەگەڵتاندا قسە بکرێت... ئیتر هیچ ناکۆکییەک لەنێوانتاندا نامێنێت و موو بە بەینتاندا ناچێت... ئەمەیش لەوە ئەچێت بە نهێنی و بێ ئاگاداریی کەسانی تر لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش و چۆنێتیی بەجێگەیاندنیان ڕێک کەوتبن... پیرە مارگرێت... لەگەڵ ئەوەیشدا کە نزیکترین کەسە لەم ماڵەدا لە منەوە... چونکە ژنە... کە باس لە ماڵداری و چۆنێتیی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی نێو ماڵ و خێزان لەگەڵیدا دێتە پێشەوە، کە لێی ئەپرسیت: بۆ قەت پیاو لەم ماڵەدا تێر نابێت و هەمیشە هەر برسییە؟... پشتت تێ ئەکات و بێ دەنگ ئەبێت... مارگرێت، ئەو کەسەی قەت ناتوانێت بێ دەنگ بێت! قڕوقەپی لێ ئەکات... بگرە تووڕەیش ئەبێت... ئەتوانیت ئەمە لێک بدەیتەوە و هۆیەک بۆ ئەم ڕێککەوتنە نهێنییە بدۆزیتەوە؟

یاردا:

(بەکورتی.) نەء!

کوڕ:

کەواتە... ئێستا تێئەگەم کە تۆیش یەکێکیت لە بەشدارانی ئەو ڕێککەوتنە نهێنییە و هاوبەشیت لە پاراستنی ئەو خاڵانەدا کە لەسەری ڕێک کەوتوون...

یاردا:

تێناگەم مەبەستت چییە؟

کوڕ:

هەندێک جار وا بیر ئەکەمەوە کە ئاخۆ باوکیشم هەر قوربانییەکی ئاسایی ئەو ڕێککەوتنە نهێنییە بوو یان نا؟ ئەو نهێنییەی کە ئەبووایە لەگەڵ خۆیدا نەیبردایە نێو گڵەوە و ئاشکرای بکردایە...

یاردا:

هەندێ جار لە شێت ئەچیت، وەک شێتێک قسە ئەکەیت...

کوڕ:

لە بیرمە... هەندێک جار باوکم، بۆ گاڵتە، لەو ڕێککەوتنە نهێنییە ئەدوا، بەڵام بۆ دواجار قڕوقەپی لەوەیش کرد...

یاردا:

چ بێزارییەکە ئەم سەرمایە!

کوڕ:

دە کەواتە، ئاگر ئەکەمەوە... چیش ئەبێت با ببێت... چەندی تێ ئەچێت با تێی بچێت... (کاغەزە دڕێنراوەکە هەڵئەگرێت، سەرەتا هیچ گرنگییەکی پێ نادات... پاشان... دەست بە خوێندنەوەی ئەکات.) ئەمە چییە!؟ (پشوو.) بۆ کوڕەکەم!... دەستوخەتی باوکمە! (پشوو.) نامەکەیش بۆ منە! (ئەیخوێنێتەوە، خۆی ئەگەیەنێتە یەکێک لە کورسییەکان و بێدەنگ لەسەر خوێندنەوەی بەردەوام ئەبێت...)

یاردا:

چی ئەخوێنیتەوە!؟ ئەوە چییە؟



کوڕ:

سەیرە! (پشوو.) چەند ترسناکە!

یاردا:

ئەوە چیتە؟ قسە بکە!

(پشوو.)

کوڕ:

قسە زۆرە بیکەم... (ڕوو ئەکاتە یاردا.) نامەیەکە لە باوکمانەوە بۆ من! (بەردەوام ئەبێت لە خوێندنەوەیدا.) ئێستا... لە خەوە قورسەکەم بە ئاگا دێمەوە!... (خۆی هەڵئەداتە سەر قەنەفەکە و بەدەم ئازارەوە دەست بە ناڵەناڵ ئەکات، کاغەزەکە ئەخنێتە گیرفانیەوە...)

یاردا:

(لە تەنیشتیەوە دێتە سەر چۆک.) فرێدریک، چیتە ئەوە؟ قسە بکە! چیتە... نەخۆشیت؟ قسە بکە؟

کوڕ:

(هەڵئەستێتەوە.)... لەوە زیاتر ناتوانم بژیم...

یاردا:

دە قسە بکە! بۆ؟

کوڕ:

شتێکی سەیر و باوەڕ پێ نەکراوە! (دێتەوە سەر خۆی و هەڵئەستێتە سەر پێ.)

یاردا:

بەڵام مەرج نییە ئەمە ڕاست بێت!

کوڕ:

(بەتووڕەییەوە.) نا... چۆن... خۆ ناکرێتیش لە گۆڕەکەیشدا هەر درۆ بکات...

یاردا:

بۆ نا! ئەو پێشبینیی سەیری هەبوو...

کوڕ:

ئەی ڕێککەوتنە نهێنییەکە! دیسانەوە بەرۆکت گرتینەوە!... دەسا گوێ بگرە...

یاردا:

بەر لە ئێستا... پێم وابوو لە هەموو شتێک بەئاگام... بەڵام ئیتر لەو بڕوایەدا نیم...

کوڕ:

نا... نا... ئێستاش هەر لەو بڕوایەدایت، بەڵام ناتەوێت تێبگەیت! لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوەتا، سەیرکە... ئەوەی کە پێی وایە ژیانی خۆی پێ بەخشیوین و بۆتە قوربانی لەپێناو ئێمەدا، هیچ نییە لە دزێک زیاتر...

یاردا:

نابێت! ئەمە ڕاست نییە!

کوڕ:

بۆ نابێت؟... بەردەوام لەو خەرجییەی گلداوەتەوە کە پێی دراوە، بەوەی وای پێشان داوە کە بەتامترین و چاکترین کەلوپەلی بە گرانترین نرخ کڕیوە، لەکاتێکدا خراپترین و هەرزانترین بوون... بێ لەوەیش، چاکترین خواردنی نیوەڕوانی لە موبەقەکە



بۆ خۆی ئامادە کردووە و ئەوەیش کە لە بەردەم ئێمەی داناوە، خواردنی گەرمکراوە و بێ کەڵک بووە... سەرباری ئەمانەیش هەرچی چەوری هەیە لەو شیرەی گرتووە کە بە ئێمەی داوە، هەربۆیە... ئێمە ئاوها لەڕ و لاوازین و بەردەوامیش هەر برسی بووین... ڕاوەستە! هەر ئەمانە بەس نین... ئەو تەنانەت لەو خەرجییەیشی گلداوەتەوە کە بۆ کڕینی داری سووتاندن پێی دراوە، هەربۆیەیشە سەرما قەت بەرۆکی ئەم خێزانەی بەرنەداوە و لەسەرماندا هەڵلەرزیوین... کاتێکیش باوکم بەو کردەوانەی زانیوە، هەڕەشەی دەرکردنی لێ کردووە... ئەویش ناچار بەڵێنی چاکبوونی پێ داوە، بەڵام نەک چاک نەبووە بگرە لەسەر کردەوەکانی پێشووی بەردەوام بووە و خراپتریش... بۆ ئەوەیش ڕێی تری گرتۆتە بەر...

یاردا:

باوەڕ بە تەنیا یەک وشە چییە ناکەم!

کوڕ:

بێگومان! تۆ کە یەکێکی لە بەشدارانی ئەو ڕێککەوتنە نهێنییەی لەنێوانتاندا هەیە! قەت باوەڕ ناکەیت... بەڵام گوێ بگرە... لە هەموو ئەمانەیش خراپتر، ئەو هیچوپووچەی کە ئێستا بۆتە مێردی تۆ... قەت تۆی خۆش نەویستووە، بەڵکو دایکت، دایکتی خۆشویستووە...

یاردا:

ئۆۆوو!

کوڕ:

کاتێکیش باوکم هەستی بەو پێوەندییە کرد کە لەنێوان دایکت،

دایکمان و ئەو هیچوپووچەدا هەبوو... ئەو هیچوپووچەیش بەوەی کە ناچار بووبوو قەرز لە دایکمان وەربگرێت و پێی نەدرابووەوە... ئەو یاریپێکردنەوەی بەوە کۆتایی پێ هێنابوو کە داوای تۆی کردبوو... ئەمەیش گرێی هەموو نهێنییەکانە... ئێستایش کردنەوەی ئەو گرێیانە و هەرچییەکی تریش کە بەدوایدا دێت... ئەکەوێتە ئەستۆی خۆت...

یاردا:

(ئەگری، دەسەسڕەکەی بە دەموچاویەوە ئەگرێت... پاشان...) پێت وانەبێت لەمەوبەر لەمانە بێ ئاگا بووبم، بەڵام بیرکردنەوە لەو کارە ئەوەندە گران و ناخۆش بوو، گوێی خۆمم لێ کەڕ ئەکرد، ئەگەرنا...

کوڕ:

ئەی ئێستا ئەتوانرێت چی بکرێت تا تۆ لەو سووکایەتییە دەرباز بیت و ڕزگارت بێت؟

یاردا:

هیچ... لەوە زیاتر کە سەری خۆم هەڵگرم و بڕۆم!

کوڕ:

بۆ کوێ؟

یاردا:

نازانم...

کوڕ:

کەواتە کەمێکی تریش چاوەڕێ بکە... تا بزانین ڕووداوەکان بە چ لایەکدا ئەکەونەوە...



یاردا:

چار چییە! ئەبێت چاوەڕێ بکەین! چونکە پیاو لە ئاستی دایکیدا دەستەوسانە و هیچی پێ ناکرێت... دایک شتێکی پیرۆزە...

کوڕ:

قسەی قۆڕ!

یاردا:

وا مەڵێ!

کوڕ:

ئەو لە ڕێوی فێڵبازترە و ئەوەندە خۆویستە، خۆویستییەکەی کوێری کردووە و بەر پێی خۆی پێ نابینرێت...

یاردا:

ئەگەر وایە! هیچ ڕێیەک لە بەردەمماندا نەماوە، هەڵهاتن نەبێت...

کوڕ:

هەڵهاتن!... بەرەو کوێ؟ نا... ڕاوەستە... تا ئەوکاتەی ئەو بێ قیمەتە لە ماڵەکەیش دەری ئەپەڕێنێت، ئەوسا... بێ دەنگ! ئەوە ئەو هیچوپووچە گەڕایەوە... بێ دەنگ بە یاردا... ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئێمەیش بەنهێنی و دوور لە ئاگاداریی کەسانی تر لەسەر شتێک ڕێک بکەوین... ئەوەی کە لەسەریشی ڕێک ئەکەوین، بەمە دەست پێ ئەکات کە: لە شەوی بووکێنیدا لێی داویت... تێئەگەیت؟

یاردا:

بەڵام ئەبێت زوو زوو بیرم بهێنیتەوە، چونکە بیرم ئەچێتەوە!

یان وام پێ باشترە، بیرم بچێتەوە...

کوڕ:

بەڵام ئاگادار بە! تازە ژیانی ئێمە هیچ تامێکی تێدا نەماوە، لەبەرئەوە ڕێز لە هیچ شتێک، لە هیچ کەسێک، مەگرە! ئاگادار بە، نابێت هیچ لە بیر خۆمان ببەینەوە، لێگەڕێ با بژین تا تامێکی تر بۆ ژیانمان و ئەو کاتانە بگێڕینەوە کە لەگەڵ باوکماندا بەسەرمان بردن...

یاردا:

بێجگە لەوەیش داد و یەکسانی بچەسپێنین!

کوڕ:

داد و یەکسانی نا، بەڵکو تۆڵەسەندنەوە...

(زاوا دێتە ژوورەوە.)

یاردا:

(دەور ئەبینێت.) ڕۆژباش! کۆبوونەوەکەتان چۆن بوو؟ چۆنتان بردە سەر؟ هیچی خۆشتان خوارد؟

زاوا:

کۆبوونەوەکە دواخرا، بۆ کاتێکی تر!

یاردا:

داخرا؟

زاوا:

دواخرا، دوا...

یاردا:

چاکە! کەواتە گەڕاویتەوە بۆ بەجێگەیاندنی کاروبارەکانی



ناوماڵ، وا نییە؟

زاوا:

چیتە! ئەم ئێوارەیە بەکەیفیت! دیارە، ئەمەیش لەبەرئەوەیە ئەم ئێوارەیەت بە تەنیا و لەگەڵ فریدریکدا بەسەربردووە!

یاردا:

بێ لەوەیش... بەنهێنی ڕێککەوتووین!

زاوا:

وریا بن! ڕێککەوتنی نهێنی هەروا ئاسان نییە!

کوڕ:

دە کەواتە... لە بریی ڕێککەوتنی نهێنی، لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین کە کارێکی خراپ بە ئەنجام بگەیەنین، یان لەسەر تۆڵەسەندنەوە بە خوێن لە بریی خوێن...

زاوا:

(بێ کەیفە.) زۆر سەیر قسە ئەکەن! چیتانە؟ نهێنییەک لەنێوانتاندا هەیە؟

یاردا:

تۆ قەت نهێنییەکانی خۆت ئەدرکێنیت، تا ئێمە بیاندرکێنین؟ بەڵام لەوە ناچێت کە تۆ هیچ نهێنییەکت هەبێت، هەرچییەک ئەیکەیت... ئاشکرا و ڕوون و دیارە...

زاوا:

چی بووە، چی ڕووی داوە؟ کەسێک لێرە بوو بەر لە گەڕانەوەم؟

کوڕ:

بێگومان... بەر لە تۆ، گیانی کەسێکی مردوو لێرە بوو... هەموو

ئێوارەکەیشمان پێکەوە لەگەڵ ئەودا بەسەربرد...

زاوا:

با واز لەم گاڵتەپێکردنە بهێنین... ئەگەرنا ئەنجامی خراپی لێ ئەکەوێتەوە! هەرچەندە یاردا... زۆر لێت هاتووە، ئاوها بەکەیف و شاد ئەتبینم، لەکاتێکدا کە تۆ بەردەوام هەر ناشاد و کۆستکەوتوو دیاریت...

(ئەیەوێت دەست بە ڕوومەتیدا بهێنێت، بەڵام ئەو خۆی ڕائەپسکێنێت.) چیتە؟ لێم ئەترسیت؟

یاردا:

(سەرسمێک ئەدات.) نەء! بەڵام هەستی وا هەن لە ترس ئەچن... لە کاتێکدا ترس نین و شتی ترن... هەندێ جار بەکارهێنانی دەستوپلیش زیاتر لە بەکارهێنانی دەموچاو ئەگەیەنێت. وشەی وایش هەن، لە پەنایاندا پڕمانایییەکی وا حەشار دراوە، کە نە بەکارهێنانی دەستوپل و نە دەربڕین، ناتوانن ماناکەی بگەیەنن...

(زاوا پەشۆکاوە، بە دەستێک یاری بە یەکێک لە ڕەفەکانی مەکتەبەکە ئەکات.)

(کوڕ لەسەر کورسییەکە هەڵئەستێت. کورسییەکە، تا ئەوکاتەی دایکەکە دێتە ژوورەوە لە جووڵانەوەدا ئەبێت.)

زاوا:

بەڕاست!؟

دایک:

(دێتە ژوورەوە، تەماشای جووڵانەوەی کورسییەکە ئەکات،



ئەپەشۆکێت... بەڵام خۆی هێمن ئەکاتەوە.) وەرن نانەکەتان بخۆن.

زاوا:

نان، یان پەڵووڵە! ئەگەر پەڵووڵەیە چاکتر وایە بیدەیت بە تانجییەکان و ئەگەر هەویریشە بیخەرە سەر دوومەڵەکانت...

دایک:

دەستکورتین... ئەبێت دەست بگرینەوە...

زاوا:

بەم هەموو سەروەت و سامانەوە دەستکورتین!؟

کوڕ:

ئا! لەکاتێکدا هەموو سەروەت و سامانەکەمان بە قەرز کەوتوونەتە لای ئەوانەی ناتوانن بماندەنەوە...

دایک:

ئەمە چییە! شێت بوویت!؟

کوڕ:

لەوانەیە لەمەوبەر شێت بووبم، بەڵام ئێستا نا.

دایک:

ئێستا... نانەکەتان ئەخۆن یان نا؟

یاردا:

ناخۆین! با بڕۆین... کەمێک دان بەخۆداگرتن... کەمێک ئازایەتی... هەر نەبێت لای من پارووییەک نان و پارچەگۆشتێک دەست ئەکەوێت...

دایک:

لای تۆ؟

یاردا:

بەڵێ لای من و لە ماڵەکەی مندا...

دایک:

هەر ئەمەمان کەم بوو!

یاردا:

(دەست بۆ دەرگاکە ڕائەکێشێت.) فەرموون... بەڕێزان... فەرموون!

زاوا:

(ڕوو ئەکاتە دایکەکە.) ئەمە یانی چی؟

دایک:

ئەم ماستە موویەکی تێدایە!

زاوا:

دوور نییە!

یاردا:

فەرموون... فەرموون... (بەرەو دەرگاکە ئەڕۆن.)

دایک:

(ڕوو لە زاواکەی ئەکات.) بینیت کورسییەکە چۆن ئەجووڵایەوە؟ کورسییەکەی باوکیان!

زاوا:

نەء... ئەوەم نەدی، بەڵام شتی ترم دی!



(هەمان دیمەنی پێشوو. ڤاڵسی لێئەدرێت. یاردا دانیشتووە. ئەخوێنێتەوە.)

دایک:

(دێتە ژوورەوە.) ئەیناسیتەوە؟

یاردا:

ڤاڵسەکە؟... ئا!...

دایک:

ئەوە هەر هەمان ڤاڵسە کە لە شاییەکەتدا لێئەدرا، ئەو ڤاڵسەی تا بەربەیان لەگەڵیدا سەمام کرد!

یاردا:

من؟ کوا ئەکسل؟

دایک:

ئەمە چ پێوەندییەکی بە منەوە هەیە؟

یاردا:

هەر وا زوو لەگەڵ یەکتردا تێکچوون؟

(پشوو. لە یەکتری ورد ئەبنەوە.)

دایک:

چی ئەخوێنیتەوە؟

یاردا:

کتێبێکە لەسەر چۆنێتیی لێنانی خواردن... بەڵام سەیرە... بۆ تێیدا نەنووسراوە کە خواردنێک، بەر لە ئامادەبوونی، ئەبێت چەند بکوڵێت؟

دایک:

(بەشەرمەوە.) لەبەرئەوەی لە خواردنێکەوە بۆ خواردنێک ئەگۆڕێت... بێجگە لەوەی تاموچێژ لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر ئەگۆڕێت و جیاوازە. ئەم بە جۆرێک ئەکات و ئەوی دیکەیش بە جۆرێکی تر...

یاردا:

لەمە تێناگەم! خواردن، ئەگەر خواردن بێت، ئەبێت لەگەڵ ئامادەبوونیدا دابنرێت، ئەگەرنا کە گەرم کرایەوە هیچ تامێکی تێدا نامێنێت و تێکئەچێت. بۆ نموونە! تۆ دوێنێ، ماوەیەکی درێژ، خەریکی لێنانی مریشکێک بوویت! سەرەتا... بۆن و بەرامەیەکی خۆش سەرلەبەری ماڵەکەی داگرتبوو، هەر کەمێک دوای ئەوە، ئیتر هیچ دەنگێک لە موبەقەکەوە نەئەهات و ئەو بۆن و بەرامە خۆشەیش لە ماڵەکە برا، کاتێکیش کە خواردنەکەت لە بەردەممان دانا، نە بۆنێکی خۆش و نە هیچ تامێکی ئەدا... ئەتوانیت هۆی ئەمە لێک بدەیتەوە؟

دایک:

(بەشەرمەوە.) تێت ناگەم؟

یاردا:

چاک تێئەگەیت! هەر نەبێت ئەزانیت کە ئاوەکەی چی بەسەرهات و کێ هەڵیلووشی؟

دایک:

تێناگەم!



یاردا:

تێئەگەیت! ئێستا منیش لە پرسیارکردن بوومەوە و لە هەموو شتێکیش تێگەیشتم...

دایک:

(لێی دێتە پێشەوە. تووڕەیە.) ئەمانە ئەزانم و تۆیش هیچت لە توانادا نییە تا فێری منی بکەیت، بەڵام هەر نەبێت من ئەتوانم فێری ئەو هونەرەت بکەم کە چۆن کارامانە ماڵ و حاڵەکەت بەڕێوە ببەیت...

یاردا:

مەبەستت لەوەیە کە چۆن سوێری و بەهارات کارامانە بە کار ئەهێنرێن!؟... پێویست ناکات!... چونکە لە زووەوە لەوەت ئاگادار کردووم... لەوەی کە چۆن لە کاتی بانگهێشتندا، ئەو ژەمەخواردنانە هەڵئەبژێریت کە کەس بۆی ناخورێت، تا بمێنێتەوە بۆ ڕۆژی دواتر... یان لەوەی کە لەکاتێکدا بانگهێشتن بکەیت کە گەنجینەکەت پڕە لە بەرماوە... لە هەر هەموو ئەم هونەرانەت ئاگادارم، هەربۆیەیش لە ئێستا بەدواوە تەواوی کاروباری ماڵەکە ئەگرمە دەستی خۆم و...

دایک:

(بەتووڕەییەوە.) بۆ ناتەوێت... لە ماڵەکەتدا... بمکەیت بە کارەکەر؟

یاردا:

بۆ نا! من کارەکەری تۆ و تۆیش هی من... بەوەیش یارمەتیی یەکتر ئەدەین... ئەوەیش ئەکسلە...

زاوا:

(دێتە ژوورەوە. گۆچانێکی ئەستووری بە دەستەوەیە.) ڕات بەرانبەر بە قەنەفەکە چییە؟

دایک:

چاکە... خراپ نییە...

زاوا:

(بەهەڕەشەوە.) خراپ نییە!

دایک:

ئێستا... خەریکە تێت ئەگەم!

زاوا:

ئاوها! بەم بۆنەیەوە... لەبەرئەوەی ئێمە لەم ماڵەدا قەت بە سکی خۆمان تێرمان نەخواردووە و قەتیش تێر ناخۆین، لەمەودوا... ئیتر... من و یاردا خواردن بۆ خۆمان ئامادە ئەکەین...

دایک:

ئەی من؟

زاوا:

تۆ ئەوەندەی بەرمیلێک ئەبیت... زۆرت پێویست نییە بۆ تێربوون. هیچ نەبێت، لەبەر تەندروستیت ئەبێت کەمێک دەست لە خواردن بگریتەوە، تا لەو قەڵەوییە ڕزگارت بێت... هەروەک چۆن تا ئێستا هەر وات لەگەڵ ئێمەدا کردووە... لەگەڵ ئەوەشدا... یاردا بۆ ماوەیەکی کەم بەجێمان بهێڵە... جەنابیشت ئاگردانەکە ئاگر بدە!



(یاردا ئەڕوات.)

دایک:

(لەتووڕەییدا ئەلەرزێت.) داری تێدایە... پێویست بەوە ناکات داری تر بهێنرێت...

زاوا:

نا... نا... ئەوانە دار نین... چیلکەن... هەر ئێستا ئەڕۆیت دار ئەهێنیت و ئاگردانەکەی پێ ئەئاخنیت...

دایک:

(خۆی ئەخڵافێنێت.) ئێستا کاتی ئەوەیە... پارەکانمان بسووتێنین؟

زاوا:

نەء! کاتی ئەوە نییە!... بەڵام بۆ ئەوەی ئێرە گەرم دابێت، ئەبێت دار بە ئاگردانەکەوە بنرێت، نەک چیلکە... خێرابە... بڕۆ...

(دایک خۆی ئەخڵافێنێت.)

زاوا:

یەک... دوو... سێ... (گۆچانەکە ئەدات بە مێزەکەدا.)

دایک:

بەڵام بڕوا ناکەم... یەک کۆتەرەدار چییە مابێتەوە!

زاوا:

یان درۆ ئەکەیت، یان ئەوەیە پارەکەیت دزیوە... چونکە هەر پێرێ یەک بار کۆتەرەدار کڕاوە...

دایک:

ئێستا تێئەگەم... کە تۆیش چیت...

زاوا:

(لەسەر کورسییەکە دائەنیشێت.) ئەگەر بەر لە ئێستا ڕێت بدایە بە پیرییەکەت کە نەبووایە بە هۆی هەڵخەڵەتاندن و لەباربردنی گەنجێتیی من... دەمێک بوو تێئەگەیشتیت... بەڵام ئێستا... خێرا بە!... بڕۆ دار بهێنە دەنا! (گۆچانەکەی لێ بەرز ئەکاتەوە.)

(دایک ئەچێتە دەرەوە و هەر زوو بە چەند کۆتەرەیەکەوە ئەگەڕێتەوە.)

زاوا:

ئێستایش ئاگرێکی ڕێکوپێک بکەرەوە، ڕێکوپێک نەک وا پێشان بدەیت کە ئاگر ئەکەیتەوە... ئاگرێکی ڕێکوپێک!

دایک:

چەند لە باوکیان ئەچیت... کە لەسەر کورسییەکەی دانیشتوویت!

زاوا:

ئاگری بە!

دایک:

(بەزیوە، بەڵام زۆر تووڕەیە.) ئەوە نییە خەریکم... ئەوە نییە...

زاوا:

ئێستایش ئاگات لە ئاگرەکە بێت... تا ئێمە لە خواردن ئەبینەوە...

دایک:

ئەی من چی بخۆم؟



زاوا:

ئەو پەڵووڵەیە ئەخۆیت کە یاردا لەسەر مێزی نانخواردنەکە بۆی داناویت...

دایک:

بەو شیرە ڕوونەوە؟

زاوا:

لەبەرئەوەی کە هەر خۆت چەورییەکەیت هەڵلووشیوە... لەوە زیاترت شایان نییە...

دایک:

(لەبەرخۆیەوە.) کەواتە هیچ چارێک لە بەردەممدا نەماوە... بەجێهێشتنی ئێرە نەبێت!

زاوا:

ئەوەیش ناتوانیت... چونکە هەر هەموو دەرگاکانت لەسەر کڵۆم ئەکەم...

دایک:

(بەچرپە.) دە کەواتە!... خۆم لە پەنجەرەکەوە هەڵئەدەمە خوارەوە...

زاوا:

جا کوا وات بکردایە! نەک ئێستا، بەڵکو ئەبوو هەر لە دەمێکەوە ئەوەت بکردایە و ژیانی ئەم خەڵکەیشت ڕزگار بکردایە... ئێستا ئاگرەکە بکەرەوە... فووی لێ بکە... ئاوها... لێرەیش نەجووڵێیت... تا ئەگەڕێینەوە... (ئەڕوات.)

(پشوو.)

(دایک کورسییەکە ڕائەگرێت... پاشان... گوێ ئەگرێت و دواتر چەند کۆتەرەیەک لە ئاگردانەکە دەرئەهێنێت و لە ژێر قەنەفەکەدا ئەیانشارێتەوە.)

(کوڕ دێتە ژوورەوە. مەستە.)

دایک:

(بەرەو ڕووی یەکتر ئەبنەوە.) ئەوە تۆیت؟

کوڕ:

(لەسەر کورسییەکە دائەنیشێت.) ئا!

دایک:

چۆنیت؟

کوڕ:

خراپم... دوایی دواییمە...

دایک:

تەنیا، خەیاڵاتە و هیچی تر... بەو جۆرە دیلانێ بەو کورسییە مەکە!... سەیرکە... سەیری من کە، سەیرکە، گەرچی تەمەنێکی زۆر ژیاوم، لە چ بارێکدا ئەمبینی! لەگەڵ ئەوەیشدا کە بەردەوام هەر لە کارکردن و هەوڵداندا بووم... بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆمدا بوون، لەپێناو مناڵەکانم و ماڵەکەمدا! وا نییە!؟

کوڕ:

نەء! (کەڵک)یش؛ ئەوەی گوایا بە خوێنی خۆی بەچکەکانی پێئەگەیێنێت، درۆیەکە و هیچی تر...



دایک:

بۆ سکاڵات لە دەست هیچ هەبووە؟

کوڕ:

گوێ بگرە دایە!... ئەگەر سەرخۆش نەبوومایە، بێ هێزی و بڕوا بەخۆنەبوون وای لێ ئەکردم نەتوانم ڕاست و لەڕوو، بێ گرێ و گۆڵ، لەگەڵتدا بدوێم... بەڵام ئێستا با ئاگادارت بکەمەوە... ئەو نامەیەی باوکمم خوێندۆتەوە... ئەوەی کە تۆ دزیبووت و فڕێت دابووە ئاگردانەکەوە...

دایک:

چیی! کام نامەیە!؟

کوڕ:

هەمیشە هەر درۆ و درۆکردن!... بیرمە کە یەکەم جار فێری درۆکردنت کردم... بیرتە!؟ بیرتە چەند بە گران قسەم بۆ ئەکرا!؟

دایک:

نەخێر... بیرم نییە! بەس ئەوەندە دیلانێ بەو کورسییە بکە!

کوڕ:

نەک هەر ئەوە... ئەی لە بیرتە کە یەکەم جار درۆت بە دەمەوە هەڵبەستم؟ ئەوسا مناڵ بووم و لەژێر پیانۆکەدا خۆم شاردبۆوە... ژنێک بە میوانی هاتبووە لات... تۆیش بە درێژایی دانیشتنەکەتان هەر درۆت بۆ ئەکرد... ئەوسا مناڵ بووم و لەژێر پیانۆکەدا خۆم شاردبۆوە... بەڵام ئاگام لە هەموو

درۆکانت بوو... بیرتە؟

دایک:

درۆ ئەکەیت.

کوڕ:

بەڵام هەر نەبێت لەوە بەئاگایت بۆ ئاوها داماو و لەڕ و لاوازم؟... چونکە قەت شیری خۆتت نەداومەتێ، بەڵکو لەبریی ئەوە بە دایەنێکت سپاردم کە بە مەمکەمژە بەخێوی کردم. کاتێکیش کە گەورەتر بووم، ناچارت کردم لەگەڵیدا بڕۆم تا لای خوشکەکەی بژین. خوشکەکەیشی قۆڕیتانێک بوو هەر مەپرسە. ئەو دیمەنە سەیروسەمەرانەیش کە لەوێ دیبوومن و قەت لە بیرم نەئەچوونەوە!... ئەو دیمەنانەی کە تەنیا سەگڕاگرەکان، بەهاران و پاییزان، لە کۆڵان و شەقامەکاندا پێشانی مناڵانی ئەدەن... کاتێکیش لەو شتانەی لەوێ دیبوومن، ڕاست و بێ گرێ و گۆڵ، ئاگادارم کردیت... بە درۆت خستمەوە و مۆرکی درۆزنیت پێوەنام... لە بری هەر شتێکی تریش دارکاریت کردم... ئەو دایەنە قۆڕیتانەیش، هەر لەبەرئەوەی لە لایەن تۆوە هان درابوو و پشتگیری ئەکرا... سووک و هاسان... دەرگای هەموو نهێنییەکانی بە ڕوومدا ئاوەڵا کردبوو... ئەوسا تەنیا مناڵێک بووم و هیچی تر... (هەنسک هەڵئەکێشێت.)... هەر لەوکاتەوە ئیتر هەڵلەرزین و برسێتی ڕوویان تێ کردم و لێم نەبوونەوە، هەروەک چۆن لەوەوبەر دووچاری باوکم و ئەندامانی تری ئەم خێزانە ببووبوو... دوای هەموو ئەمانە... تازە لەوە تێئەگەم کە هەر



خەرجییەکت پێ ئەدرا بۆ کڕینی کەلوپەل و خواردەمەنی و داری سووتاندن، ئەتدزی... سەیرم کە، ئەی ماسیگرەکە! سەیرکە... سەیری یاردا بکە! کە چۆن لەبەر سەرما و برسێتی سنگی بە قووڵدا چووە... تەنیا خۆیشت ئەزانیت بە چ شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر باوکمت کوشت... تا هیچ سزایەک نەتگرێتەوە... یان چۆن خوشکەکەمت بەو دەردە برد و نیوەمردووت کرد... بەڵام ئێستا ئەویش لە هەموو شتێک ئاگادارە...

دایک:

بەس یاری بەو کورسییە بکە! لە چی ئاگادارە؟

کوڕ:

لە هەموو شتێک! ئەوەی تۆ لێی بەئاگایت و... (هەنسک هەڵئەکێشێت.) ئەزانم چەند ناخۆشە ئاوها لەگەڵتدا قسە ئەکەم، بەڵام ناچارم... هەربۆیە ئاوهایش سەرم کردۆتە سەر خواردنەوە و سەرخۆشبوون، چونکە وا هەست ئەکەم ئەگەر نەخۆمەوە لە مەراقدا خۆم ئەکوژم... بەکورتی، بەرگەی ئەوە ناگرم، نەخۆمەوە...

دایک:

بەردەوام بە لەسەر درۆکردن... بەردەوام بە!

کوڕ:

جارێکیان کە باوکم زۆر لێت تووڕە بوو ئەیوت تۆ هەر لە ئەزەلەوە مرۆڤێکی نائاساییی بوویت و... بەر لەوەیش بکەویتە گروگاڵ و قسەکردن، فێری درۆکردن بوویت... ئەیوت، کە تۆ

هەر لەبەرئەوەی خۆت لەو ئەرکانە بدزیتەوە کە پێت ئەسپێردران، پەنات ئەبردە بەر ئاهەنگگێڕان و ڕابواردن... لە بیرمە کە یاردا لەبەر نەخۆشییە گرانەکەی لە گیانەلادا بوو، چۆن ئێوارەکەی بە جێت هێشت و چوویت بۆ سەیرکردنی ئۆپەرێتێک!... ئەو قسانەیشم لە بیرە کە بەردەوام ئەتکردنەوە... "ژیان خۆی هێندە ناخۆش و قورسە، پێویست ناکات لە خۆتی ناخۆش و قورستر بکەیت!"... ئەو هاوینەیشم دێتەوە یاد کە چۆن باوکمت هەڵفریواند بۆ ئەوەی پێکەوە لە پاریس بیبەنە سەر. بیرمە، چۆن لەبەر ڕابواردنی خۆت، ئەم ماڵەت خستبووە ژێر باری قەرزوقۆڵەوە. بەوەیش من و یاردات ناچار کردبوو کە لێرە لەگەڵ دوو کارەکەردا... کە هەر خەریکی ڕابواردن بوون لە ژووری نووستنەکەتاندا، هاوینەکە بەسەر ببەین...

دایک:

کەوایە، بۆ لەمەوبەر باسی ئەمانەت نەکردووە؟

کوڕ:

کردوومە، بەڵام دیارە لە بیرت کردووە کە چۆن لەسەر ئەوەی بە درۆزن و قسەهێنەر و قسەبەر گوناهبارت کردم، دارکاریت کردم... چونکە هەر هێندە ڕاست و بێ پێچ و پەنا قسەیەکت بەر گوێ بکەوتایە، بە درۆت لە قەڵەم ئەدا...

دایک:

(وەک گیانلەبەرێکی تازە لە قەفەز نراو بە ژوورەکەدا دێت و



ئەچێت.) قەت نەمبیستووە... کوڕێک ئاوها لەگەڵ دایکیدا قسە بکات، قەت!

کوڕ:

ڕاست ئەکەیت، قسەکردن لەگەڵ تۆدا بەو جۆرە کارێکی نائاساییە، بەڵام ئەم قسانە هەر ئەبێت بکرێن... تۆیش چونکە نەتئەویست هیچ شتێک لە خۆتدا بگۆڕیت، وات پێشان ئەدا کە لە خەوێکی قورسدایت و ناتەوێت بە ئاگا بهێنرێیتەوە... باوکم ئەیوت: "ئەگەر لەسەر تەختەی ئازاردان و داپڵۆسینیش داتبنێن، دان بەوەدا نانێیت کە شتێکت هەڵبەستووە، یان درۆیەکت کردووە."

دایک:

باوکت! بۆ پێت وایە باوکت هیچ کەموکووڕییەکی نەبوو؟

کوڕ:

بەپێچەوانەوە، کەموکووڕی زۆر بوو، بەڵام نەک لەو پێوەندییەدا کە لەگەڵ تۆ و منداڵەکانیدا هەیبوو... بەڵام هەر لە هەمان پێوەندیدا کە تۆی بە باوکم و بە ئێمەوە بەستبوو، نهێنی وا هەن کە هەمیشە لێیان بەگومان بووم، بەڵام نەمویستووە باوەڕیان پێ بکەم... ئەو نهێنییانەی کە باوکم بەشێکیانی لەگەڵ خۆیدا بردە گڵەوە... بەشێکیان!...

دایک:

هیچی تر ماوە!؟ قسەی خۆت کرد؟

کوڕ:

ئێستایش کاتی هەڵدانی پێکێکی ترە!... پێم وانییە بتوانم

چیتر بەردەوامی بە خوێندنەکەم بدەم، چونکە هەرچی بڕوا بێت بە یاسا و ماسام نەماوە، لەوە ئەچێت هەرچی یاسا هەیە دز و پیاوکوژان دایانناین، تەنیا هەر بۆ ئەوەی پاکانە بۆ تاوانباران بهێننەوە بەوەی کە بە هیچ تاوانێک هەڵنەساون... ئەوەی لە ڕوودانی تاوانێکیش بە چاکی ئاگادارە، جێی باوەڕپێکردن نییە... بەڵام دوو شایەتی درۆزن بەسەر تاوانێکەوە، بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوە و هیچ گومانێکیان لێ ناکرێت!... تا نیوەشەویش هەموو کاروبارێکی من لێ بۆتەوە... دوای نیوەشەویش، هەرچی مافێکم هەیە لە بەجێگەیاندنی کاروبارەکانمدا، سووک و هاسان، ئەیدۆڕێنم... تەنیا هەڵەیەکی بچووکیش بەسە بۆ ئەوەی... بێ ئەوەی هیچ تاوانێکم کردبێت... لە بەندیخانە توند بکرێم. هەر ئەوەندەیش، ئەگەر بە بەزەیی بم بەرانبەر هیچوپووچێک، ئیتر لەبەرئەوەی گوایا سووکایەتیم پێ کردووە، بە هەموو یاسایەکی تۆڵەسەندنەوە، گوناهبارم ئەکات! ڕق و کینەیشم بەرانبەر بە ژیان و هەموو مرۆڤایەتی و کۆمەڵ و خۆیشم هێندە بێ سنوور و بێ پایانە کە هیچ پێویست ناکات چیتر خۆ بە ژیانەوە ماندوو بکەم و بژیم...

(بەرەو دەرگاکە ئەڕوات.)

دایک:

مەڕۆ!

کوڕ:

لە تاریکی ئەترسیت؟

دایک:

شپرزەم...



کوڕ:

لە تاریکی ترسان و شپرزەیی بە دوای یەکتردا دێن...

دایک:

ئەو کورسییەیش خەریکە شێتم ئەکات!... هەموو کات کە باوکت لەسەری دائەنیشت، هەروەکو دوو قیمەکێش دڵمی ئەنجن ئەنجن ئەکرد...

کوڕ:

بۆ دڵیشت هەیە!

دایک:

مەڕۆ! ناتوانم بە تەنیا لێرە بمێنمەوە... ئەکسل، زۆر خراپ و هیچوپووچە لەگەڵمدا...

کوڕ:

تا ماوەیەک لەمەوبەر... منیش هەر بە خراپ و هیچوپووچێک ئەهاتە پێش چاوم، بەڵام ئێستا تێئەگەم کە ئەویش قوربانییەکی ئاسایی دەست تاوانەکانی تۆیە... ئەکسل؛ ئەو کوڕە گەنجەیە کە هەڵتخەڵەتاند و لە خشتەت برد تا شوێنت بکەوێت...

دایک:

لەوە ئەچێت هاوڕێتی کەسانی خراپ بکەیت؟

کوڕ:

کەسانی خراپ!... پێت وا نەبێت، قەت هاوڕێتیی کەسانی چاکم کردبێت!

دایک:

مەڕۆ!

کوڕ:

ئەی چی بکەم لێرە؟ ئەگەر بمێنمەوە... بەدەم ئازاری ئەم قسانەوە ئەتکوژم!

دایک:

مەڕۆ!

کوڕ:

چییە، خەریکە بە ئاگا دێیتەوە؟

دایک:

ئا! وا خەریکە لە خەوێکی زۆر قووڵ و درێژخایەن بە ئاگا دێمەوە! چەند ترسناکە! بۆ نەئەکرا پێشتر بە ئاگا بهێنرێمەوە... بۆ نەئەبوو؟

کوڕ:

چونکە کاتێک کە لە توانادا بوو، کەس نەبوو... ئێستایش کە لە توانادایە ناتەوێت!

دایک:

بیڵێرەوە...

کوڕ:

مەبەستم لەوەیە کە نەتئەتوانی لەوە زیاتر بیت کە هەیت.

دایک:

(ئەپاڕێتەوە و دەستی ماچ ئەکات.) چیتر؟

کوڕ:



هیچ! لەوە زیاتر لە توانامدا نییە... با... تکات لێ ئەکەم چیتر لێرە مەمێنەرەوە، با ئەوەی کە تا ئێستا هەر خراپەی لێ کەوتۆتەوە خراپتر نەبێت...

دایک:

ڕاست ئەکەیت... ئەبێت لێرە نەمێنمەوە...

کوڕ:

بەستەزمان!

دایک:

هەست بە ئازارەکانم ئەکەیت؟

کوڕ:

(هەنسک هەڵئەکێشێت.) بێگومان! زۆربەی کات پێم وابووە کە تۆ هێندە خراپیت پیاو ناچارە بەزەیی پێتدا بێتەوە!

دایک:

زۆر سوپاس! ئێستا... بڕۆ...

کوڕ:

ئەکرێت هیچ یارمەتییەک بدرێیت!

دایک:

نەء!

کوڕ:

ڕاست ئەکەیت... ناکرێت... یارمەتی بدرێیت!... (ئەڕوات.)

(پشوو.)

(دایک، تەنیایە. دەستەکانی چەپ و ڕاست لەسەر سنگی داناوە. پاشان، بەرەو پەنجەرەکە ئەڕوات، ئەیکاتەوە و سەری

ئەباتە دەرەوە... کەمێک ئەکشێتە دواوە و قەراغی پەنجەرەکە ئەگرێت بۆ ئەوەی خۆی هەڵبداتە خوارەوە، بەڵام هەر کە لە دەرگای بەشی پشتەوەی شانۆکە ئەدرێت، پەشیمان ئەبێتەوە... "کێیە؟ چییە؟" دەرگا ئەکرێتەوە. "کێیە ئەوە؟" دەنگی هاوار و قیژەی کوڕەکە ئەبیسترێت. "ئەوەتا... دەنگی باوکیانە... نەمردووە؟... چی بکەم! ڕوو بکەمە کوێ؟" لە پشت بۆفیەکەوە خۆی ئەشارێتەوە. بایەکە هەڵئەکاتەوە. ئەو پەڕانەی لەسەر مێزەکە دانراون بە ژوورەکەدا بڵاو ئەبنەوە. "فرێدریک! پەنجەرەکە داخە!" ئینجانەیەک بەر ئەبێتەوە... "پەنجەرەکە داخە!... خەریکە لەسەرماندا ڕەق ئەبمەوە و ئاگرەکەیش هیچ پشکۆیەکی تێدا نەماوە..." چراکان دائەگیرسێنێت. دەرگاکە دائەخات، بەڵام ئەکرێتەوە... بایەکە کورسییەکە ئەخاتەوە جووڵە. بە ژوورەکەدا دێت و ئەچێت... پاشان... لەسەر دەم خۆی ئەدات بەسەر قەنەفەکەدا و بە سەرینەکان سەروچاوی خۆی دائەپۆشێت.)

(لە دەرەوە مۆسیقای ... l me disait لێئەدرێت.)

(دایک هەر لەسەر دەم، لەسەر قەنەفەکە، کەوتووە و سەری لەژێر سەرینەکاندا شاردۆتەوە.)

(یاردا دێتە ژوورەوە. سینییەکی بە دەستەوەیە. پەڵوولەی لەسەرە. لە لایەکەوە دایئەنێت. پاشان... بێجگە لە یەکێک لە چراکان، ئەوانی تر ئەکوژێنێتەوە.)

دایک:

(بە ئاگا دێتەوە. هەڵئەستێت.) مەیانکوژێنەرەوە!



یاردا:

با ئەبێت نەختێک دەستی پێوە بگرین!

دایک:

ئەوە تۆیت؟ هەر وا زوو...

یاردا:

ئا... چونکە ئەکسل ئەوەی پێ خۆش نەبوو تۆمان لەگەڵدا نەبیت... بێ تۆیی پێوە دیار بوو...

دایک:

سوپاس!

یاردا:

ئەوەیش... شیوەکەتە...

دایک:

برسیم نییە...

یاردا:

با... برسیتە، بەڵام حەز لە پەڵوولە ناکەیت!

دایک:

با چۆن... جاروبار ناخۆش نییە!

یاردا:

نا... ناخۆشە و قەتیش نەتخواردووە! بەڵام لەبەرئەوە نا کە حەزت لێ نەکردووە، بەڵکو لەبەرئەوەی ببینیت کە ئێمە ئەو کاتانەی پەڵوولەت لەبەردەمماندا دائەنا... چەند پێمان ناخۆش بوو... چ پەستییەک دایئەگرتین... چونکە تۆ هەمان خواردنیشت ئەدا بە تانجییەکان...

دایک:

بەڵام... هەرچۆنێک بێت... ناتوانم ئەو شیرە ڕوونە بخۆمەوە، چونکە پێی ئەلەرزم...

یاردا:

کە شیرەکە ڕوونە، خەتای خۆتە... هەر خۆت چەورییەکەیت لێ گرتووە بۆ ئەوەی بە قاوەوە بیخۆیتەوە. (پەڵووڵەکەی بۆ ئەخاتە سەر سێپێچکەیەک.) فەرموو... بخۆ، تا ببینم چۆن ئەیخۆیت!

دایک:

پێم ناخورێت... ناتوانم...

یاردا:

(دائەنەوێتەوە و لەژێر قەنەفەکەدا کۆتەرەکان دەرئەهێنێت.) ئەگەر نەیخۆیت... بۆ مێردەکەمی ئەگێڕمەوە کە دیسانەوە دزیت لێ کردووە!

دایک:

ئەکسل کە ئەوەندە بێ منی پێوە دیار بووبێت هیچ خراپەیەکی بۆ من نابێت! بیرتە لە شاییەکەتاندا چۆن پێکەوە لەسەر ئەم ئاوازە سەمامان ئەکرد... گوێت لێیە... (لێئەدرێتەوە، لەبەرخۆیەوە ئەیلێتەوە...)

یاردا:

نەئەبوو، لە ئێستادا، ئەو سووکایەتییەت بە بیردا بهێنامایەتەوە؟

دایک:

بێ لەوەیش.. هەر لە شاییەکەتاندا بوو کە جوانترین گوڵی پێ



دام و ناسکترین بەیتیشی بەسەردا هەڵدام!...

یاردا:

بێ دەنگ بە!

دایک:

بەیتەکانت بۆ بخوێنمەوە... تائێستایش هەر لەیادمن... "لە جنستان... جنستان وشەیەکی فارسییە بەرانبەر بەو گوڵ و گوڵزارەی لە بەهەشتدایە و پەرییە ئێسک سووکەکان بە بۆن و بەرامەکەی ئەژین... پەرییەکانیش، ئەو بوونەوەرانەن تا زیاتر بژین، گەنجتر و جوانتر ئەبنەوە..."

یاردا:

پێت وانەبێت یەکێک لەو پەرییانە بیت!؟

دایک:

بۆ نا! ئەوەتا لە بەیتەکاندا... بەڕاست، بەم دواییە مامە ڤیکتۆرت داوای کردووم شووی پێ بکەم! ئەبێت ئێوە ڕاتان چی بێت؟

یاردا:

بەستەزمان!... ئێستایش ئەو خەوە قورسە چاوەکانی داگرتوویت و بەرت نادات، ئەو خەوەی لەمەوبەر هەر هەموومانی بەو دەردەی تۆ بردبوو... بەڵام ئاخۆ تۆ قەت بە ئاگا دێیتەوە؟ نابینیت چۆن خەڵکی گاڵتەت پێ ئەکەن و پێت پێئەکەنن!؟ تێناگەیت ئەکسل چ سووکایەتییەکت پێ ئەکات؟

دایک:

بەڕاستە؟ خۆ من پێم وایە، هەموو کات، لەگەڵ مندا چاکتر و

بەڕێزتر بووە وەک لە تۆ...

یاردا:

ئەو کاتانەیش کە گۆچانەکەی لێ بەرز ئەکردیتەوە؟

دایک:

گۆچانی لە من بەرز ئەکردەوە یان لە تۆ، نەگبەت!؟

یاردا:

چیتە دایە! لەوە ئەچێت تێکچووبیت!

دایک:

هەرچۆنێک بێت... ئەم ئێوارەیە بێ منی پێوە دیار بووە، چونکە هەمیشە شت هەیە ئێمە لە بارەیەوە بدوێین... ئەویش تەنیا کەسێکە بە چاکی لە من تێئەگات، بەڵام تۆ تەنیا منداڵێکیت و...

یاردا:

(دەست ئەداتە هەردوو شانی و ڕایئەتەکێنێت.) بۆ خاتری خوا بە ئاگا بێرەوە...

دایک:

تۆ هێشتا تێناگەیت و ساویلکەیت... لەوەیش تێناگەیت کە من دایکتم و خوێنی خۆمم پێ بەخشیویت...

یاردا:

نا... نا... تۆ لە مەمکەمژەیەک و شیری قوتوو زیاتر شتێکی ترت پێ نەبەخشیوم، هەربۆیە بۆ تێربوون، زۆرجار، ناچار ئەبووم ڕوو بکەمە موبەقەکە و دزی بکەم... لەوێش لە نانەڕەق و خەردەل زیاتر شتێکی ترم دەستگیر نەئەبوو... بۆ دامرکاندنەوەی سووتانەوەی قورگیشم ناچار ئەبووم بین بنێم



بەو شووشە سرکەیەوە کە هەمیشە لەسەر مێزی نانخواردنەکە دانرابوو... بەوەیش لە بری دامرکانەوە، ئەوەندەی تر قورگم ئاگری ئەگرت...

دایک:

ئاوها... کەواتە هەر لە منداڵییەوە دزیت لێ کردووم... شەرمیش ناکەیت... وا نا؟... سەیرە... ژیانی خۆم لەپێناوی چ منداڵێکدا لە دەست دا و بوومە قوربانی؟

یاردا:

(ئەگری.) ئەمتوانی لە هەموو شتێکت چاو بپۆشم و لێت ببوورم، بەڵام لەوەی کە ژیانت، کە مێردەکەمت لێ داگیرکردم، نەء!... قەت ناتوانم لەو کارەت ببوورم، چونکە ئەو هەموو ژیانم بوو... ژیانم لەگەڵ بەیەککگەیشتنی ئەودا دەستی پێ کرد...

دایک:

ئەمجا... من چیم لەو بارەیەوە لە دەست دێت... چیم پێ ئەکرێت کاتێک ئەو منی لە تۆ پێ باشتر بووە! دوور نییە کە من، بۆ ئەو لەبارتر و سەرنجڕاکێشتر بووم! چونکە ئەو تام و زەوقێکی باشتری هەبوو لە باوکت، کە نەیئەتوانی نرخی خۆمم بداتێ و باش هەڵمبسەنگێنێت... تا ئەوکاتەی لەگەڵ مێردەکەتدا کەوتە بەربەرەکانێ لە هەڵبژاردندا... (بەتوندی لە دەرگا ئەدرێت.) کێیە ئەوە؟

یاردا:

بە خراپە باسی باوکم مەکە!... چونکە لەو بڕوایەدام هەموو ژیانم بەشی ئەوە ناکات کە پەشیمان ببمەوە لەوەی بەرانبەر

بەو کردم... بەڵام تۆ ئەبێت تا ماویت بەو ئازارەوە بناڵێنیت، چونکە هەر تۆ بوویت، کە بوویت بە مایەی لێ پڕبوونی من لە باوکم... بیرتە، ئەوسا مناڵێک، مناڵێکی بچووک بووم و فێرت ئەکردم چەند ناحەز و دڵتەزێنانە لەگەڵ باوکمدا بدوێم و قسەی وای لە ڕوودا بکەم کە هیچ لە ماناکانیان نەئەگەیشتم!؟ بۆ وام ئەکرد؟... ئەویش چونکە تێگەیشتوو بوو، لە بەرانبەر ئەو تیرانەدا کە تێم ئەگرتن، هیچ ئازارێکی نەئەدام... چونکە چاک لەوە بە ئاگا بوو کە کێ ژێی کەوانەکەی ڕاکێشابوو! بیرتە... فێرت ئەکردم درۆی بۆ بکەم و درۆ هەڵبەستم... بەوەی کە گوایا لە قوتابخانە پێویستمان بە کڕینی کتێبی تازە هەبوو... کاتێکیش پارەی کڕینی کتێبەکانی ئەداینێ، چۆن سووک و ئاسان پێکەوە بەشمان ئەکرد... چۆن بتوانم ئەو هەموو کاتە ڕابوردووانە لە بیر بکەم؟ چۆن؟ ئاخۆ هیچ خواردنەوەیەک هەیە تێنوێتیی یادەکان بشکێنێت، بێ ئەوەی ژیان پێیەوە لە بەین بچێت؟ ئاخ! ئەگەر لە توانامدا ئەبوو لەم شتانە دابڕێم و دوور بکەومەوە... ڕێیەکی تر بگرمە بەر... بەڵام منیش هەروەک فرێدریک... هەردووکمان قوربانییەکی بێ دەسەڵات و بێ ئیرادەین... قوربانیی تۆ؟ بەڵام تۆ ئەوەندە دڵڕەق و توندوتیژیت هیچ ئازارێک بە دەست تاوانەکانتەوە ناکێشیت!

دایک:

گوێ بگرە! ئەزانیت تافی مناڵییم چۆن بووە؟ لەبەرئەوە هەموو تاوانێک مەدەرەوە پاڵ من! تۆ لەوە تێناگەیت لە چ حاڵێکی خراپ و بێ سەروبەردا گەورە بووم و پێگەیشتووم؟ لەوە



تێناگەیت لەوێوە چی فێر بووم؟ لەوە ئەچێت مناڵییش وەک میرات بمێنێتەوە... بەڵام لە کوێوە؟... لە باو وباپیرانەوە!... لەبەرئەوە هەرچییەک ڕووی داوە... مەیدەرە پاڵ من، چونکە منیش سووک و ئاسان ئەیدەمە پاڵ ئەوانەی پێشتر و ئەوانیش هەروەها... لەگەڵ ئەوەیشدا، هەرچەندە بۆ ئەوانەی لە دەرەوە ئەڕوانن وا بەر چاو ناکەوێت... بەڵام نەک لەم خێزانەدا، بەڵکو لە هەموو خێزانێکدا هەر وا بووە...

یاردا:

ئەگەر وایە، ئیتر نامەوێت لەوە زیاتر بژیم... بەڵام ناچارم بە ژیان... هەربۆیە ئەمەوێت بەناو ئەم کوێرەوەری و نەگبەتییەدا، کەڕ و کوێر، ڕێگە بگرمە بەر... هەر نەبێت... بە هیوای داهاتوویەکی ڕوونتر...

دایک:

زۆر ئەڕۆیت ڕۆڵە! هەر ئەوەندەت بەسە مناڵێکت ببێت... ئیتر بە جۆرێکی تر بیر ئەکەیتەوە...

یاردا:

مناڵم نابێت!

دایک:

چۆن ئەزانیت؟

یاردا:

ئەزانم... دوکتۆرەکەم پێی وتووم.

دایک:

هیچ نییە... بە هەڵەدا چووە...

یاردا:

دیسانەوە بکەوەرەوە درۆکردن... منالّم نابێت... لەبەرئەوەی نەزۆکم و بڕایەوە... پێگەیشتنێکی نائاسایی پێگەیشتووم... کتومت وەک فرێدریک، لەبەرئەوە... نامەوێت لەوە زیاتر بژیم...

دایک:

قسەی سەیر!

یاردا:

ئەگەر منیش چۆنم بویستایە وا خراپەم بکردایە، ئێستا ئاوها لێرە نەئەمایت و سەرت تێدا ئەچوو! بەڵام هەر دەستێک لە تۆی بەرز ئەکەمەوە، لە دانەوانەوەیدا، بەر خۆم ئەکەوێت... بۆ خراپەکردن ئەوەندە کارێکی گرانە بۆ؟! (لەپڕ مۆسیقاکە تەواو ئەبێت. دەنگی ناڵە و قیژەی کوڕەکە ئەبیسترێت.)

دایک:

دیسانەوە خواردوویەتیەوە... سەرخۆشە!

یاردا:

بەستەزمان فرێدریک!.. چی بکات.. هەر ئەوەی بۆ ماوەتەوە...

کوڕ:

(دێتە ژوورەوە. مەستە.) ئەوە... بەڕاست... دووکەڵ لە موبەقەکە... هەڵئەستێت...

دایک:

چیی؟

کوڕ:

پێم وایە... من... ئا... پێم وایە... کە ئاگر لە ماڵەکە بەربوویێت...



دایک:

ئاگر!

کوڕ:

ئا... پێم وایە... ئاگر بەر بوویێتە...

دایک:

(بەرەو دەرگای بەشی پشتەوە ڕائەکات و ئەیکاتەوە، بەڵام ڕووبەڕووی ئاگرەکە ئەبێتەوە...) ئاگر... چۆن لێرە دەرباز بین؟ نامەوێت... بسووتێم!... نامەوێت! "بەناو ژوورەکەدا دێت و ئەچێت..."

یاردا:

(باوەش بە براکەیدا ئەکات.) فرێدریک!... ڕاکە... تا بێت ئاگرەکە نزیکتر ئەبێتەوە! ڕاکە...

کوڕ:

ناتوانم!

یاردا:

ڕاکە... ئەبێت لێرە دەرباز بیت... ڕاکە...

کوڕ:

بۆ کوێ؟... نا... نامەوێت...

دایک:

باشتر وایە... لە پەنجەرەکەوە... (دەرگای پەنجەرەکە ئەکاتەوە و بەر ئەبێتەوە...)

یاردا:

خوایە!... یارمەتیمان بدە!

کوڕ:

لەوە زیاتر هیچی تر نەئەکرا...

یاردا:

کەواتە... ئەمە ئیشی تۆیە؟

کوڕ:

ئا... لەوە زیاتر چی ئەتوانرا بکرێت؟ هیچی تر ئەکرا؟

یاردا:

نەء... ئەبوو هەموو شتێک بسووتێنرایە... ئەگەرنا قەت لێرە دەرباز نەئەبووین... فرێدریک!... بمگرە باوەش... توند... قەت ئەوەندەی ئێستا دڵخۆش نەبووم... تا بێت ڕووناکتر ئەبێتەوە... سەیرکە! ئاه... دایکە بەستەزمانەکەم، چەند خراپ بوویت، چەند...

کوڕ:

یاردا! هەست ئەکەیت چەند گەرم و خۆشە! ئیدی هەڵنالەرزم و سەرمام نابێت... گوێ بگرە چ قرچەقرچێکە لە دەرەوە... ئێستا ئیتر هەرچی کۆنە، هەرچی کۆن و ناشیرین و خراپە، ئەسووتێت و...

یاردا:

توند بمگرە! نابێت بسووتێین! وا خەریکە دووکەڵەکە ئەمانخنکێنێت، بەڵام ئاگات لێیە چ بۆن و بەرامەیەکی هەیە... ئەوە بۆن و بەرامەی پەرژین و درەختەکانە... بۆن و بەرامەی سووتانی ئەکلیلەکەی باوکمان و شتەکانی ترە... ئەوەیش گوڵەکانە ئەسووتێن. ئاگات لێیە... بەڵام مەترسە... کەمێکی تر



هەموو شتێک بە سەر ئەچێت و ئەبڕێتەوە... تۆیش دایکە بەستەزمانەکەم!... لەگەڵ ئەوەیشدا کە زۆر خراپ و بێ بەزەیی بوویت... دان بە خۆتدا بگرە و پێیەکانت توند لە زەوییەکە گیر بکە... بمگرە باوەش!... نەکەویت!... فرێدریک!... بمگرە... توند بمگوشە بە خۆتەوە... سەیرە! لەوە ئەچێت نزیک سەری ساڵ بێت... ئەو ڕۆژەی کە هەموو پێکەوە لە موبەقەکەدا کۆ ئەبووینەوە... ئەو تەنیا ڕۆژەی تێیدا تێر بە سکی خۆمان ئەمانخوارد... بۆن بکە!... چ بۆن و بەرامەیەکی خۆشە!... بۆن و بەرامەی قاوە و بەهارات و دارچینی و مێخەکە... بۆن بکە!... چ بۆن و...

کوڕ:

(بە گەشکە و خۆشییەوە.) هاوینە، وا نا؟ لە هاوین ئەچێت... ئەوەتا سێپەرەکان گوڵیان دەرکردووە... خەریکە پشووی هاوینیش دەست پێ ئەکات... بیرتە... پشووی هاوینانت بیرە... کە بەرەو کەشتییە سپییەکانی قەراغ دەریا... ئەو کەشتییانەی تازە بۆیە کرابوونەوە... ئەوانەی چاوەڕێی گەیشتنی ئێمە بوون، ڕامان ئەکرد... بیرتە، بە چ خۆشییەکەوە، دەستمان پێدا ئەهێنان... ئەی لە بیرتە، ئەوکاتە باوکم چەند دڵخۆش بوو بە هاتنی پشووی هاوین و ئەیوت: "ئەبێت ژیان وا بێت!..." لەڕاستیدا، ماسیگرەکە ئەو بوو... چونکە تەنیا ئەو بوو کە بەڕاستی بە دەنگمانەوە ئەهات و پارچە پارچە لە خۆی ئەکردەوە بۆ پێگەیشتن و گەورەبوونی ئێمە... ئەو بوو، هەر بۆ ئەوەی پۆشتە و پەرداخ بین و لە

هیـچـمـان کـەم نەبێت، گـوێـی بە خـۆی نەئەدا و بە جلوبەرگی پینەکـــراو و دڕاوەوە ئەگـــەڕا!... یاردا!... پەلە بکە... ئەوا کەشتییەکە خەریکە بە ڕێ ئەکەوێت... دایکیشمان لە ساڵۆنی بەشی پێشەوەدا دانیشتووە و چاوەڕێی ئەوەیە ئێمەیش سوار بین... نەء! ئەومان لەگەڵدا نییە... ئەو بە تەنیایە و لەسەر قەراغی دەریاکە بە جێ ماوە... وا نییە؟ لەکوێیە؟ نایبینم؟... ئەم گەشتە، بێ دایکمان، هیچ تامێکی تێدا نابێت!... ئەوەتا... ئەویش گەیشت!... ئیتر پشووی هاوینیش دەست پێ ئەکات... (پشوو.)

(دەرگـای بەشـی دواوە ئەکرێتەوە. شـەوقی ئاگرەکە بەهێزتر ئەبینرێت...)

(کـوڕەکـە و یاردا، نیـوە لەهـۆشـخـۆچوو، ئەکـەونە سـەر ئەرزەکە...)

**پەردە دائەدرێتەوە.**

(١) کەڵک: سەقاقووش، مەلێکی گەورەی دندووک زلی سپیی بۆرە، بەرچێڵەی شۆڕە و ماسیخۆرە. (هەنبانە بۆرینە – هەژار)

(٢) بەشێکی سەرەکیی ناوەڕۆکی شانۆنامەکە لەنێو جوولانەوەی ئەم کورسییەدایە کە لە ئەوروپای ئەوسادا زیاتر باو بووە و لە هەموو ماڵێکدا، بەتایبەت لە ماڵە دەوڵەمەندەکاندا، هەبووە و بە سویدی پێی ئەوترێت: Gung-stol. هەروەها کەرسەیەکی سەرەکیشە لە سەرجەمی گێڕانەوەکەدا. من لەبەر نەبوونی وشەیەکی تایبەت بەرانبەری لە کوردیدا لە سەرەتاوە جارێک (لانکە کورسی)م بە کار هێناوە و پاشان هەر کورسیم بە کار هێناوەتەوە بۆ قورسترنەکردنی تێکستەکە، لانکە کورسیشم لەبەر ئەوە بە کار هێناوە چونکە شێوەی پێچکەکانی ئەم کورسییە لە پێچکەی کەوانەیی بێشکە ئەچن و هەروەک ئەویش دوو دوو پێچکەکان پێکەوە ئەبەستێت.



تێبینی و پەراوێز:

– بۆفیە لە بەرانبەر chiffonjé دانراوە، کە جۆرێکی تایبەتە لە بۆفیە و دەرگایەکی لەسەر بانی پانی هەیە و ئەتوانرێت لە بریی مێزی نووسینیش بە کار بهێنرێت. لە پشت ئەو دەرگایەشەوە، چەند چەکمەجەیەکی بچووک بۆ هەڵگرتنی کەلوپەل هەن، لە زۆربەی ئەو بۆفییانەدا لە پشت ئەو چەکمەجانەوە، چەکمەجەی بچووکتر و شاراوە هەن بۆ شاردنەوە و هەڵگرتنی کەلوپەلی بەنرخ و گرانبەها.

– قەنەفە لە بەرانبەرSchäslong دانراوە، ئەگەرچی ئەمیان جۆرێکی تایبەتە لە قەنەفە و تەنیا لایەکی بە قۆڵ گیراوە و لایەکی تری بەتاڵە و وەک جێگای نووسین و حەوانەوەش بە کار ئەهێنرێت.

– لە تێکستەکەدا Pan copé بە کارهێنراوە، کە بەرانبەر بە Avskuret hörn ـە و بە مانای "گۆشەی داتاشراو" دێت.

– ئەم شانۆنامەیە ساڵی ١٩٨٩ وەرگێڕدراوە و یەکەم جار لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری (شانۆ)دا، کە گۆڤارێکی تایبەت بوو بە ئەدەبی درامای بێگانە و کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوێد دەریدەکرد، بڵاو کراوەتەوە.

– لە کاتی وەرگێڕاندا، لێرە و لەوێ، هەندێک وشە ئاڵوگۆڕ پێ کراوە یان شتی تری نزیک بە ماناکانیان لەبرییان دانراوە، ئەگەرنا وەکو تر، هێندەی لەتوانادا بووبێت، هیچ دەستکارییەکی ناوەڕۆک و مەبەستەکەم نەکردووە.